# ماهیەت و ڕەهەندە جۆرییەکانی دەسەڵات لە هزری ڕامیاری (میشێل فۆکۆ)دا

د.عابد خالد رسول*                    جبار اسماعیل احمد**

وشە کلیلییەکان: دەسەڵات، هێز، دیسپلبین، بایۆ دەسەڵات، هزری ڕامیاری، مێشێل فۆکۆ.
https://doi.org/10.31271/jopss.10022

## پوختەی توێژینەوە:

چەمکی دەسەڵات شیکاری زۆری بۆکراوە و لەچەندین ڕەهەندەوە شرۆڤەکراوە و بیرمەندگەلێکی زۆر لەبارەوەیەوە دواون، بەڵام جیاواز لە زۆرێک لەو دیدگایانەی پێشوو، (میشێل فۆکۆ) خوێندنەوە بۆ چەمکەکە دەکات و فۆرم و ڕەهەندە جۆرییەکانی دەستنیشان و دیاریدەکات، (فۆکۆ) دەسەڵات لە جۆری پەیوەندییەکانییەوە شیکار دەکات، پەیوەندییەکانی دەسەڵات کە کۆی پنتە وورد و پەراوێزەکانی کۆمەڵگایان تەنیوەو و وەکو تۆرێک ژیانی مرۆیی دادەپۆشن.

ئەم توێژینەوەیە بەو دەرئەنجامە گەیشتووە بەگشتی لە تێروانینی (فۆکۆ) دا ئەگەرچی دەسەڵات وەکو ماهیەت هیچ گۆڕانێک تیایدا ڕونادات و هەموو دەسەڵاتێک هەمان سروشتی خۆباڵایی و پیادەکاریی خۆنوێنی لەپێناو ملکەچکردن و ڕامکردنی تاکەکانی لەناو خۆیدا هەڵگرتووە، بەڵام بەپێی جیاوازی پەیوەندییە ئامادەکانی دەسەڵات، شێوازەکانی کاری دەسەڵاتیش بۆ باڵایی خۆی، دەگۆڕێت، کە لەگەڵ خۆیدا فۆرمە جیاوازەکان و ڕەهەندە جۆرییەکانی دەسەڵاتیان هەڵگرتووە.

## ملخص البحث:

### ماهية السلطة وأبعادها النوعية في الفكر السياسي لـ(ميشيل فوكو)

ظل مفهوم السلطة محل إهتمام و تحليل الكثير من المفكرين، ومن بينهم المفكر الفرنسي المعاصر(ميشيل فوكو) ، الا ان ما يميز الأخير عن الكثير من المفكرين الذين سبقوه في تناوله لهذا المفهوم هو كونه (فوكو) قد حلل ظاهرة السلطة وتحديد أشكالها و أبعادها النوعية كنمط من العلاقات، التي تغطي مجمل العلاقات بين أفراد المجتمع كشبكة تستر كامل الحياة البشرية، وتوجد في أكثر البقع والأماكن مجهرية وهامشية في المجتمع. وقد وصل هذا البحث الى نتيجة مفادها أن السطة في روئية (فوكو) لم تمسها التغيير في مضمونها و ماهيتها، ولها الطبيعة ذاتها القائمة على التعالي والهيمنة وإرادة السيطرة على الأفراد، إلا أن ممارسة هذه السلطة تغيير وفقا لعلاقات السلطة

---

* بەڕێوەبەری بەشی ئاسایش وسیاسەتی گشتی لە سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی، پرۆفیسۆری یاریدەدەر لە زانستە ڕامیارییەکان/ زانکۆی سلێماني: abid.rasul@centerfs.org abid.rasul@univsul.edu.iq

** خوێندکاری ماستەر لە کۆلیجی زانستە ڕامیارییەکان/ زانکۆی سلێمانی jabar.ahmed84@gmail.com

السائدة في المجتمع، مما تتغير معها ألأبعاد النوعية للسلطة، كم تتغير معها آليات تأثيرها أيضا.


**Abstract**

**The Essence of Power and its Forms in the Political Thought of (Michel Foucault)**

The term of power has been explained and analyzed in many ways and sides, it has been spoken about by several intellectuals. But differ from many of the previous ones, (Michel Foucault) analysis the term and indicates its forms and perceptions. (Foucault) analysis the power in its own connections whose cover all the tiny corners and forgotten edges in the community that are extending over all the humans life.

This research has been concluded that, in general Michel Foucault's point of view, besides being selfish and practicing its selfishness in its own nature so as to capitulate and govern the community members, power's working strategies are changing according to its available connection types and forms, those are holding different typical directions.

# پێشەکی

چەمکی دەسەڵات وەک دەرکەوتە و بەرئەنجامی پەیوەندی نابەرابەری نێوان تاک و کۆمەڵەکان، هەمیشە جێگەی سەرنج و گفتوگۆ و هەڵوەستەی مرۆڤەکان بەگشتی و هزرمەندان و فەیلەسوفان بەتایبەتی بووە. دامەزراوەکانی دەسەڵات، ئامرازەکانی دەسەڵاتگەریتی، ڕوانگەکان لەهەمبەر دەسەڵات، ئایدیا و هزر و باوەڕ و یاسا و ڕێساکان کە بنەمای پتەویی و متمانەی تاکەکان لەهەمبەر دەسەڵات مسۆگەر و سەقامگیر دەکەن و ئەندازە و جۆری ئەو گۆڕانکارییانەی لە ڕایەڵی مێژووی دەسەڵاتدا ڕوویانداوە و کاریگەرییان لەسەر تاکەکان چی وەک دەروون و بوونی ناوەکی، چی وەک جەستە و ملکەچی و کۆنترۆڵکردنی چەند و چۆن بووە، دیدگای (فۆکۆ) لەپەیوەست بەو لایەنانەی دەسەڵات و ڕەخنەو شیکردنەوەکانی بۆ ئێمە مایەی لەسەر وەستانە.

بەلای (فۆکۆ) وە وەرچەرخان و وەرگۆڕان(تحول)ی عەقڵانیەتی بونیادی دەسەڵاتگەری هاوکات دەبێتە بنەمای فۆڕمی تازە و جیاوازی دەسەڵات، عەقڵانیەتی تیۆکراسی و پیرۆزگەرایی دەسەڵاتی سەرکوت بەرهەم دەهێنێت، و عەقڵانیەتی بە ئامانجگری دەوڵەت و شکۆی فەرمانڕەوایی ئامرازی سەرهەڵدانی دەسەڵاتی کۆنترۆڵ و دیسپلینسازە، و عەقڵانیەتی مۆدێرنی بەرهەمهێنان و سەرانسەربینیی و ئامار و دامەزراوەی نوێ سازێنەری فەزای بایۆ دەسەڵات و دەسەڵاتی هەژمونکارە، کە تاک تیایدا ئامرازی مانەوە و سەقامگیری دەسەڵاتە و تا ئەو جێگەیە گرنگی پێدەدرێت کە بەشدارە لە بەهێزکردن و مانەوەی دەوڵەتدا، بەجۆرێک کە ژیان، مەرگ، کاروچالاکی، ماتەم و خۆشی و ...هتد تاکەکان تائەو جێگایەی سود بە دەسەڵات و کایەی سیاسی دەگەیەنن ئەوا گرنگ و جێی بایەخن.

**کێشەی توێژینەوە:** کێشەی سەرەکی لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدانە بۆ شرۆڤەکردنی ئەو فۆرمە جیاوازانەی دەسەڵات کە وەک دەرئەنجامی جیاوازی پەیوەندییەکانی دەسەڵات دەرکەوتوون، هاوکات دەرخستنی چۆنیەتی کارکردن و پیادەکاری فۆرمە جیاوازەکانی دەسەڵات و ئەو ڕەهەندە جۆرییانەی لەناو بونیادی پەیوەندییەکانی دەسەڵات هەم لە شێوەی دەسەڵاتی شوانکارەیی و هەمیش لە دەسەڵاتی مۆدێرندا کە بەگشتی لەناو دەوڵەت و دامەزراوە دەوڵەتییەکاندا ئامادەیە، هەروەها شیکردنەوەی هەبوونی بەرگری وەک پنتێک لەناو و لەتەک دەسەڵات و پەیوەندی نێوان دەسەڵات و بەرگریدا.

**گریمانەی توێژینەوە:** گریمانەی توێژنەوەک بریتییە لە سەرهەڵدانی فۆرمەجیاوازەکانی دەسەڵات بەپێی جیاوازی جۆری پەیوەندییەکان لەگەڵ وەک خۆمانەوەی سروشتی خۆنەوێنی و پیادەکاری دەسەڵات بۆ ملکەچکردنی تاکەکان، هەروەها بوونی بەرگری لەهەموو پنتە ئامادەکانی دەسەڵات دا و نەبوونی دەسەڵات لەدەرەوەی پەیوەندی بە بەرگرییەوە.

**گرنگی توێژینەوە:** گرنگی ئەم توێژینەوەیە لە بەکارهێنانی شێوازە شرۆڤەکارییەکەی (فۆکۆ) بۆ چەمکی دەسەڵات دەردەکەوێت، ئەویش شرۆڤەکردنی چەمکەکەیە لەناو خودی خۆیدا ئەمەش بۆ ناوەندی ئاکادیمی کوردی توێژینەوەیەکی نوێ و جیاوازە، کە جیاوازە لەو دیدگایانەی بوونی دەسەڵات تەنیا لەناو دامەزراوەکاندا شرۆڤە دەکەن.

**ئامانجەکانی توێژینەوە:** گرنگترین ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە بریتین لە:

١/ شرۆڤەکردنی دەسەڵات بەو شێوازەی (فۆکۆ) بۆ چەمکە دەڕوانێت کە بریتییە لە دەستنیشانکردنی دەسەڵات و شیوازی کارکردنی لە پنتە وورد و بەربڵاوە ئاسۆییەکانی کۆمەڵگادا.

٢/ شیکردنەوەی پێکەوە گرێدراوی جۆری پەیوەندییە ئامادەکانی ناوکۆمەڵگا و فۆرمە جیاوازەکانی دەسەڵات.

٣/ دەستنیشانی ڕەهەندە جۆرییەکانی دەسەڵات و بوونی بەرگری لە هەموو ئەو شوێنانەی دەسەڵات تیایدا ئامادەیە.

**میتۆدی توێژینەوە:** لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی شیکاری فەلسەفی بە بنەما وەرگیراوە لەپێناو شیکارکردنی چەمکی دەسەڵات و فۆرم و ڕەهەندەکانی، هەروەها پشت بەچەند میتۆدێکی تریش بەستراوە، وەک میتۆدی وەسفی و مێژوویی.

**پەیکەری توێژینەوە:** ئەم توێژینەوەیە لە پێشەکی و دوو تەوەرە لەگەڵ کۆتایی و دەرئەنجامەکان پێکهاتووە، لە تەوەرەی یەکەم دا ماهیەتی دەسەڵات خراوەتە ڕوو و تیایدا باس لە فۆرمە جیاوازەکانی دەسەڵات کراوە، وەک دەسەڵاتی سەرکوت و چەپێنەر، دەسەڵاتی سەروەر، دەسەڵاتی دیسیپلین و بایۆ دەسەڵات، تەوەرەی دووەمیش تەرخانە بۆ ڕەهەندە جۆرییەکانی دەسەڵات، کە تیایدا باس لە دەسەڵاتی شوانکارەیی و دەسەڵاتی دەوڵەت کراوە، هەروەها لەکۆتا خاڵی تەوەرەی دووەم دا پنتەکانی بەرگری لەهەمبەر دەسەڵات خراوەتەڕوو. لەکۆتایی توێژینەوەکەشدا گرنگترین دەرئەنجامە بەدەستهاتووەکانی توێژینەوەکە خراونەتەڕوو.

## تەوەرەی یەکەم: ماهیەتی دەسەڵات:

ڕوانگەی (فۆکۆ) بۆ دەسەڵات گرێدراوە بە دیدگاکانی لەهەمبەر (پەیوەندییەکانی دەسەڵات)، واتا (فۆکۆ) باس لە پەیوەندییەکانی دەسەڵات دەکات نەوەک دەسەڵات، ئەمەش لەسەربنەمای ئەوەی کە دەسەڵات بریتییە لە پەیوەندی نابەرابەری نێوان دوو لایەن، (فۆکۆ) خۆی دەڵێت کە هەمیشە چەمکی دەسەڵاتی بەواتای پەیوەندییەکانی دەسەڵات بەکارهێناوە، بەڵام کاتێک کە باسی پەیوەندییەکانی دەسەڵاتی کردوە ئیدی سەرنجەکان چونەتە سەر دامەزراوەی سیاسی و حکومەت و چینی باڵادەست، بەڵام ڕاستییەکەی وەک خۆی دەڵێت مەبەستی لەهەموو جۆرە پەیوەندییەکی نێوان مرۆڤەکانە[١]، دەسەڵات دامەزراوەیەک نییە ناوەڕۆکێکی قوڵ و دەزگایەکی پڕ نهێنی هەبێت، بەڵکو لەبنەمادا دەسەڵات جگە لە تۆڕێکی فراوانی پەیوەندی نێوان لایەنەکان هیچی تر نییە، وەک (فۆکۆ) دەڵێت چەمکی دەسەڵات ئاماژەیە بە تۆڕی پەیوەندی نێوان ئەوتاکانەی لەداوەکانی ئەو تۆڕەوە ئاڵاون و لەیەکتر گیربوون، و دەڵێت مەبەستی لەمە بریتی نییە لە یاری و ململانێیەک کە بردنەوە و دۆڕانی لەخۆیدا هەڵگرتووە، بەڵکو مەبەستی لە پەیوەندی ئەو کردەوەیە کە کردەوەی تر دەوروژێنێت و هەر یەکێکیان لەئەوەی ترەوە سەرچاوە دەگرێت[٢]، ئەم فراوانی و گشتگیرییەی پەیوەندییەکانی دەسەڵات و سروشتە هەمەچەشنەکەی وایکردووە کە لەماهیەتەکەی دا جۆرێک لەفرەیی و نواندنکاری شوێن- کاتەکان بێت.

پەیوەندییەکانی دەسەڵات هەڵگری ماهیەتێکن کە لەناو بونیادی خۆی دا فۆرمگەلێکی دەسەڵات دەنەخشێنن، (فۆکۆ) باوەڕی وایە دەسەڵات بریتییە لە پەیوەندی، بەڵام پەیوەندی یەکسانانە نییە، پەیوەندییەکانی دەسەڵات پەیوەندی ناهاوسەنگن، بەڵام ئەم ناهاوسەنگییەش بەو واتایە نییە کە پەیوەندییەکانی هێز لە ناوخودی خۆیاندا تەنیا جۆرێک لە قەدەغەکار بن وەک ئەوەی تاکەکانی کۆمەڵگا لەبارەیانەوە دەدوێن، چونکە هەمیشە لە کۆمەڵگاکان دا کۆمەڵەکانی بەرەنگاری لەهەمبەر پەیوەندییەکانی دەسەڵات سەرهەڵدەدەن، واتا پەیوەندییەکانی دەسەڵات هەمیشە بە فۆرمی جیاواز و بەئامرازی جیاوازەوە دەردەکەون[٣]، (فۆکۆ) لە نوسراوەکانی دا و لەشرۆڤەی ماهیەتی دەسەڵات دا بەگشتی چوار فۆرمی دەسەڵات باس و شرۆڤە دەکات[*]، هەر یەکێک لەو فۆرمانەی دەسەڵات

---

(١) مەریوان وریا قانع، دەربارەی فەلسەفە و ئیسلام و ڕۆشنگەری، نێوەندی ڕەهەند بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی، سلێمانی، ٢٠٠٢، لا٣٥٠-٣٥١.

(2) Michel Foucault, critical inquiry- vol 8 - subject and power, translated from the French by: Leslie Sawyer, The University of Chicago Press, Chicago, 1982, p786.

(3) Michel Foucault, Power- Moral Values- and the Intellectual (Interview with Michel Foucault - By: Michel Bess), Nov. 3, 1980, look this link:
https://www.michaelbess.org/foucault-interview/ .

(*) مەبەست لە ماهیەتی دەسەڵات ئەو ناوکۆییە نەخشراوەی پەیوەندییەکانی دەسەڵاتە کە زادەی ژینگەی کۆمەڵایەتی ناوکۆمەڵگا و دیدگا باڵادەستەکانی ئەو (شوێن- کات)ە جیاوازانەیە، ئەگەرنا (فۆکۆ) بینینی دەسەڵات وەک

لەجۆرێکی جیاواز لە پەیوەندیدان، ئەوانیش بریتین لە دەسەڵاتی سەرکوت و چەپێنەر، دەسەڵاتی سەروەر، دەسەڵاتی دیسیپلین و بایۆ دەسەڵات[**].

## یەکەم: دەسەڵاتی سەرکوت و چەپێنەر:

سەرکوت لە سادەترین مانای دا بریتییە لە ویستی دەسەڵات بۆ دەستەمۆبوون و ڕەزامەند بە ژێرفەرمانی، دەسەڵاتی سەرکوت ناتوانێت هیچ کارێک بەئەنجام بگەیەنێت جگە لە ناچارکردن بە ملکەچی، هەموو کار و مومارەسەکردن و کاریگەرییەکانی لەدەرەوەی چوارچێوەی زانین و ئاگایی مەعریفی و بە پشت بەستن بەهێز، ناچارکرن و زۆرلێکردن ئەنجام دەدات.

(فۆکۆ) لەڕێگەی ئارکیۆلۆژیانەی خۆیەوە، لەڕوانگە مێژوویەکەیەوە، بە گەڕان بە شوێن پنتە زۆر ووردەکانی مێژووی مرۆیی و جەستەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا لە کات و شوێنە جیاوازەکاندا، دەخوازێت ئەوە ڕوون بکاتەوە کە میکانیزمەکانی کۆنترۆڵکردن و دەست بەسەرداگرتن چۆن لەسەر بنەمای سەرکوتکردن و چەپاندن بەگەڕ دەخرێن و بەکار دەبرێن، ئەی ئەو میکانیزمانەی سەرکوتکردن و چەپاندن خۆیان چۆن و بەپێی چی لۆژیکێک دادەمەزرێن و لە پانتایی کۆمەڵگادا، لە ناو خێزان و دەرەوەی خێزان، لەزیندان و ناوەندی خوێندن و نەخۆشخانەکان، لە لوتکەی هەرەمی کۆمەڵگاوە بۆ پنتی بنەوەی، لەناو جەوهەرە هەرە ئەستەم و لە توێژاڵە زۆر تەنک و ئاسانەکان، لە هەموو پنتەکانی جەستەی جڤات بەهەمان نۆرم کار دەکات و بڵاودەبێتەوە[1]، بەتایبەت لەسەردەمی نوێی سەرهەڵدانی تەکنەلۆژیا و ئامرازگەلێک، کەدەسەڵات ئاسانتر دەتوانێت پرۆسەکانی سەرکوت بەڕێوە ببات، هەروەها لەلایەکی ترەوە داهێنانە تازەکانی بەڕێوەبردن و شێوازی تازەی سیستەمی ئابوری و پێویستی بەرهەمهێنان، وایکردووە دەسەڵات بیر لە کەمتێچوترین ڕێگای سەرکوت و کۆنترۆڵکردنی تاکەکان بکاتەوە، ئەم ڕەهەندەش وا لە (فۆکۆ) دەکات بڵێت لە سیستەمی سەرمایەداری دا، سەرکوت

---

شتێک کە هەبێت و ماهیەت و بەرهەست و گیراو بێت ڕەتدەکاتەوە، واتا پێی وایە دەسەڵات وەک ماهیەتی بوونی شتێکی بەرجەستە بوونی نییە، بەڵکو لە واقیع دا دەسەڵات بەواتای پەیوەندییەکان دێت. بڕوانە: (فاروق ڕەفیق، غەمە جڤاتیەکان، بەرگی یەکەم، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، ٢٠٠٦، لا٢١٥).

(**) بەگشتی نوسینەکانی (فۆکۆ) دەچنەوە سەر پنتە شیکارییەکانی دەسەڵات، هەرچەندە (فۆکۆ) خۆی دەڵێت بابەتی سەرەکی ئەو (سوبێکتە) نەوەک دەسەڵات، بەڵام ئەوەش ناشارێتەوە کە تەواو بە پرسی دەسەڵاتەوە گرێدراوە، "بەگشتی توێژینەوەکانی من دەربارەی (سوبێکتە) نەوەک دەسەڵات، ڕاستە کە من بەتەواوی بە پرسی دەسەڵاتەوە گرێدراوم، ئەمەش چونکە ئەوە بۆ من ئاشکرابوو، هەر کە مرۆڤ لە پەیوەندییەکانی وەبەرهێنان و پەیوەندییەکانی ئاڵوگۆڕو ئاماژە و ماناکاندا خۆی بینیەوە، ئیتر لەهەمان کاتدا کەوتە ناو پەیوەندییە زۆر ئاڵۆزەکانی دەسەڵاتیشەوە". بڕوانە:

(Michel Foucault, critical inquiry- vol 8 - subject and power, op.cit, p778).

(١) عارف دانیالی، میشێل فۆکۆ، و: سەروان ئەحمەد، ناوەندی غەزەلنوس بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، سلێمانی، ٢٠١٨، لالا ٦٦- ٦٧.

شێواز و فۆرمی گشتی(general form) دەسەڵات پێکدێنێت[١].

بۆ دیاریکردنی ویستەکانی دەسەڵاتی سەرکوت دەبێت شرۆڤەی کۆی ئەو گۆڕانە جەوهەریانە بکەین کە لە پەیوەندییەکانی هێز دا هەیە، لەگەڵ لایەنی هێزدار و هاوپەیوەند بەجۆری چینەکانی کۆمەڵگە و بابەتەکانی دادگەری کۆمەڵایەتی و هەموو ئەو ئامراز و شێوازانەی پایەکانی دەسەڵات پێکدەهێنن و ئەندازەی ڕەنگدانەوەی هەموو ئەوانە لەچوارچێوەی دەق و ڕێساکان و جۆر و ئامانج لە سەپاندنیان و ڕەنگدانەوەیان و دەرهاویشتە و کاردانەوە و لێکەوتەکانیان لەکۆمەڵگەدا، چونکە دەسەڵاتی سەرکوت هەمیشە هەوڵدەدات هێز و بەردەوامی خۆی لە پەنهانکردن و شاردنەوەی حەقیقەتی خۆی و بەرژەوەندییەکانی دا زیندوو ڕابگرێت[٢]، بۆنموونە کاتێک پزیشک دەخوازێت دەست لە نەخۆش بدات بەبێ ئەوەی خۆی دەستی لێبدرێت، وەکو درێژکراوەی دەسەڵاتی پاشا لەسەردەمی کلاسیک دا[٣]، کە پاشا دەیتوانی لەمسی تاکەکان بکات بەبێ ئەوەی هیچ کەسێک لەدەرەوەی ڕەزامەندی پاشا، بتوانێت لەمسی پاشا بکات، ئەمەش لەسەر بنەمای جەستەی دەست لێنەدراو دەبێتە شوێنێک بۆ نهێنی، دەبێتە ژوورێکی داخراوی پڕ ڕازی نهێنی و خواستی نادیار و ئارەزووی پەنهان، جەستەی لەمس نەکراو وەک شوێنێک لە تاریکی و ئاشکرانەکراو، وەک سەرچاوەی نهێنییە گەورەکان دەمێنێتەوە و دەبێتە شوێنێک بۆ پرسیارکردن، و لەبەرئەوەی دەسەڵات لە جەستەی شاراوەی تاک، دیوە نادیارەکەی تاک دەترسێت، بۆیە هەوڵی دۆزینەوەی دەدات، دەسەڵاتی مۆدێرن لەهەوڵی دروستکردنی سوبێکتێکدایە کە جەستەی شەفاف بێت و ڕووتکرابێتەوە لەهەموو نهێنی و نادیارییەک، هاوکات دەسەڵات لەگەڵ ئاشکراکردنی جەستەی سوبێکت، هەوڵدەدات جەستەی خۆی، ماهیەت و ڕازەکانی خۆی شاراوەو پەنهان بکات، واتا دەسەڵات هەمووان ببینێت بەبێ ئەوەی کەس بتوانێت دەسەڵات بخاتە بەر ڕوناکی و بەر هێزی بینین، بۆئەوەی دەسەڵات بتوانێت خۆی بگونجێنێت، بۆئەوەی بتوانێت ئەگەر بەشێوەیەکی ڕێژەییش بێت سەرکەوتوو بێت، ئەوا پێویستە بەشێک لە میکانیزمەکامی خۆی بشارێتەوە[٤].

(بەختیار علی) لە نوسینێکیدا دەربارەی (فۆکۆ) ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە شاراوەیی دەسەڵات تەنیا لایەنە سادەکەی گەمەی دەسەڵاتە، بەڵام لایەن و دیوەکەی تری کە دیوە ترسناکەکەیەتی ئەوەیە کە دەسەڵات ئەو مافە بەخۆی دەدات کە هەموو نهێنی و شتە تایبەتییەکانی ئێمە بزانێت، واتا خۆی لە تاریکی و نەبینداروی بێت و ئێمەش لە ڕوناکی، پێشی وایە ئەم خواستەی خۆپەنهان و ئاشکراکردنی نهێنی مرۆڤ بەجۆرێک لە جۆرەکان گرێدراوی پرۆژەکانی مۆدێرنێتە و ڕۆشنگەرییە، هەربۆیە پرۆژەکەی (فۆکۆ) لەهەمبەر پەیوەندییەکانی نێوان دەسەڵات و مەعریفە لە سەردەمی

(1) Hubert L. Dreyfus and Paul Rabinow, Michel Foucault: beyond structuralism and hermeneutics, The University of Chicago, Chicago, 1983, p128.

(٢) جەبار أحمد، ئاشنابوون بەفۆکۆ، دەزگای ئایدیا بۆ فیکر و لێکۆڵینەوە، سلێمانی، ٢٠١٥، لا١١٣-١١٤.

(٣) عارف دانیالی، سەرچاوەی پێشوو، لا٣٨٧.

(4) Michel Foucault, the history of sexuality- vol 1, translated by: Robert Hurly, Pantheon Books, New York, 1978, p86.

مۆدێرنە بەگرنگ دەزانێت کە توانیوییەتی ئەو پەیوەندییە قوڵەی نێوان دەسەڵات و مەعریفە بدۆزێتەوە کە هەردووکیان دەخوازن نهێنییەکانی مرۆڤ بدۆزنەوە و کۆنترۆڵی بکەن[١]، واتا دەسەڵات کە دەخوازێت مرۆڤ بخاتە بەردەم پرۆسەکانی ئاشکراکردن ئەوا ناوکی خۆی، جەوهەری خۆی دەخاتە ناو تونێلگەلی تاریک و نادیارەوە، بەتایبەت جەوهەرە ستەمگەرەکەی، تاکە ئامرازیش بۆ شاردنەوەی ئەو جەوهەر و ڕووە سەرکوتگەرانەی دەسەڵات یاخود تاکە دەمامکی داپۆشەری دیوە ترسناکەکەی دەسەڵات و دروستکەری دیوێکی جوان و مرۆڤ دۆستانەی درۆینە، لەپاڵ ئەو دەزگایانەوە کە سەربەخۆ لە دەسەڵاتی سیاسی دەردەکەون، بەڵام لەناوەڕۆک دا وانین، بریتییە لە دەستور و یاساکانی، لەم پێناوەش دا دەسەڵات پابەندبوون بەیاساوە وەک پرسێکی ئەخلاقی گەشە پێدەدات، (فۆکۆ) پێی وایە هەندێ کات لەو جۆرە هەڵوێستانە نزیک دەبینەوە و بیرکردنەوەمان بەو جۆرە باردەهێندرێت کە ئەخلاق بریتییە لە پابەندی بە یاساکانەوە و ئەگەر ئەو ڕێسای پابەندییە بزربوو، ئەوا پێویستە بەدوای جێگرەوە(alternative) دا بگەڕێین، وەک ئەوەی دەڵێت: لە نەبوونی(absence) ئەو جۆرە ئەخلاقەدا پێویستە وەڵامان هەبێت یان پێویستە کاردانەوەمان هەبێت، ئەمەش بە گەڕان بەدوای جوانییەکانی بوون (an aesthetics of existence) دا[٢]، چەمکی جوانییەکانی بوون لای (فۆکۆ) دەبێت بە ئامرازی کاردانەوەکانی تاک لەهەمبەر پەردەی یاسا بۆ داپۆشینی دیوە نادیار، هاوکات دڕندەکەی دەسەڵات، هەروەها پێی وایە کە پێویستە ئەو دەزگایانە ڕەخنە بکەین کە بەشێوەی بێلایەن و سەربەخۆ لە دەسەڵات خۆیان دەردەخەن، چونکە ڕەخنەکردنیان وائەکات ئەو دەمامکانە لابدەین کە ڕووە توندوتیژئامێزەکەی دەسەڵاتیان داپۆشیوە و هاوکاری دەسەڵاتن تاوەکو بەشاراوەیی کردە دڕندانەکانی خۆی ئەنجام بدات[٣]، ئەم ڕەخنەکردن و دەمامک هەڵماڵینەش بەلای (فۆکۆ)وە لەلایەن کەسی پاریسیاییەوە ئەنجام دەدرێت. (فۆکۆ) لە ڕێگەی چەمکی جوانیەکانی بوونەوە دێتە سەرباسی کەسی پاریسیایی، (وەک لە خاڵی سێیەمی تەوەرەی دووەمی ئەم باسەدا و لە پرسی بەرگری لەهەمبەر دەسەڵاتدا هەڵوەستەی لەسەر دەکەین)، کەسی پاریسیایی خاوەن ڕۆحیەتێکی بەرەنگارییە و لەبەردەم هەڕەشەکاندا خۆڕاگرە و لەپێناو بەرژەوەندی گشتی ڕیسک بە گیان و ژیانی خۆی دەکات.

سەرکوت وەکو خواستی دەسەڵات لە بنەڕەت و بناغەی پەیوەندییەکانی دەسەڵات دا دروست دەبێت، کاتێک دەسەڵات ئامادەگی هەبێت سەرکوت دەردەکەوێت، لەدەرەوەی دەسەڵات پرۆسەی سەرکوت نییە و کاتێک دەسەڵات بوونی نەبێت ئەوا شتێکیش بەناوی پرۆسەی سەرکوت بوونی نابێت، واتا بوونی سەرکوت بەستراوە بە بوونی دەسەڵاتەوە، بەڵام مەرج نییە کە دەسەڵات هەبوو ڕاستەوخۆ سەرکوتیش هەبێت، واتا بەبێ بوونی دەسەڵات سەرکوتیش بوونی نییە، بەڵام دەشێت دەسەڵات

---

(١) بەختیار علی، ئاوڕەکەی ئۆرفیۆس، ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەری ئەندێشە، سلێمانی، ٢٠١٤، لا٤٣-٤٤.

(2) Alan Milchman and Alan Rosenberg Editors, Foucault and Heidegger - Critical Encounters, University of Minnesota Press, London, 2003, p223.

(3) Michel Foucault and Noam Chomsky, The Chomsky-Foucault Debate On Human Nature, The New Press, New York , 2006, p41.

هەبێت و سەرکوت نەبێت، چونکە دەسەڵات جگە فۆرمی سەرکوتکەر لەفۆرمی تریش دا دەردەکەوێت، دەشێ دەسەڵات دروستکەر و بنیاتنەر و بەرهەم هێنەریش بێت، هێزی ناوەکیانەی دەسەڵات جگە لە سەرکوت هێزی تریشی تێدایە[1]. کەواتە دەسەڵات ئۆبێکتەکان و ئەو پانتایی و ڕووبەرانەی بەسەریاندا پیادەدەکرێت وەک تاکەکان، تەنیا سەرکوتیان ناکات، بەڵکو دروست و بەرهەم و بونیادیشیان دەنێت، ئەگەر باوەڕمان هێنا بەوەی دەسەڵات کاری لەناو بابەتەکان نەک لەسەر بابەتەکان، لەخوارەوە نەک لە سەرەوە، لەناوخۆی پەیوەندییەکانەوە نەک لەدەرەوەی پەیوەندییەکانەوە دەگەڕێ و پیادەدەکرێت، ئەوا بەناچاری دەکەوینە سەر ئەو وێناکردنەی کە دەسەڵات هێزێکی سەرکوتکەر نییە، بەڵکو هێزێکی داهێنەرە، تەنیا کۆمەک و هاوکاری ئەو شتە ناکات کە پێویستە بەرگری لێبکرێت، بەڵکو شێوازەکان و ئەندازەکان و ئامرازەکانی ئەو بەرگرییەش دیاری دەکات[2]. دەسەڵات بەرهەمهێنەری سروتەکان، ڕێوشوێنەکان، سیستەم و یاساکانە، مەعریفە و حەقیقەتەکانی بەرهەم دەهێنێت، واتا دەسەڵات بەرهەمهێنەرە، بەڵام هەموو ئەو تەکنیک و میکانیزمانە بەرهەم دێنێت کە توانای ئاسانتر کۆنترۆڵکردنی تاکەکانی بۆ دەستەبەر دەکەن، بەرهەمهێنانەکانی دەسەڵات دەخوازن حەشاماتێک لە خەڵک، گرووپێکی مەزنی تاکەکان بخەنە بەردەم کوشتنێکی بەکۆمەڵ، ئەمەش پێچەوانەی ئەو دەسەڵاتەیە کە دەخوازێت مانەوەی تاکەکان مسۆگەربکات[3]، دەسەڵاتێک کە بنەمای کوشتن بۆ زیندوو هێشتنەوە، بەرهەمهێنانی میکانیزمەکانی کوشتن بۆ ئامرازەکانی ژینناسی دەگۆڕێت، بەنموونە لە جێگەی پیادەکاری لە ڕێگەی ترساندنی کۆمەڵگە بە کوشتنی تاک لە شوێنی قەرەباڵغ، دەسەڵات دێت و کار لەسەر پیادەکاری لەڕێگەی دەستەمۆکردنی تاک بە خزمەتکردنی دەکات، دەسەڵات لەجێگەی زیندانی مەزن، خوێندنگە و نەخۆشخانە و پارکی مەزن دروست دەکات، لە جیاتی گۆڕەپانی لەسێدارەدان، یاریگای وەرزشی دەکاتە شوێنێک بۆ کۆکردنەوەی ژمارەی زۆری خەڵک. تاک ناکوژێت، بەڵکو هەوڵی زیندوو هێشتنەوەی دەدات، غەم لە تەندروستی و شوێنی مانەوە و خواردن و پێداویستییەکانی دەخوات، واتا گۆڕانی دەسەڵات لە دەسەڵاتی سەرکوتەوە بۆ بایۆ- دەسەڵات، کە لەکۆتا فۆرمی دەسەڵات و لە کۆتایی ئەم تەوەرەیەدا باسی دەکەین.

## دووەم: دەسەڵاتی سەروەر:

دەسەڵاتی سەروەر بەگشتی گوزارشتە لەو دەسەڵاتەی لەڕێگای یاساوە سەرجەم دەسەڵاتەکان لەدەستی کەسی فەرمانڕەوا یاخود پاشادا کۆدەکرێتەوە و ئەویش بەسەر تاکەکان و کۆمەڵگادا پیادەی دەکات، دەسەڵاتی سەروەر هەمان ئەو دەسەڵاتەیە کە ماکیاڤیلی لە کتێبی (میر)دا ئاماژەی بۆدەکات، واتا سیستەمێکی دەسەڵاتدارێتییە کە دەسەڵاتەکانی پاشا و فەرمانڕەواکان لەناو یاساکانەوە

(١) جەبار أحمد، سەرچاوەی پێشوو ، لا١١٠.

(٢) فاروق ڕەفیق، غەمە جڤاتیەکان، سەرچاوەی پیشوو، لا٢٠٨- ٢٠٩.

(3) Michel Foucault, the history of sexuality- vol 1, op.cit, p137.

دێت و دواتر خۆیان دەبن بە سەنتەر و ناوەندی پیادەکردنی دەسەڵات بەشێوەیەکی ستونی لەسەرەوە بۆخوارەوە، لە ڕوانگەی (فۆکۆ) وە دەسەڵاتی سەروەر سێ بنچینەی سەرەکی لەخۆیدا هەڵگرتووە، ئەوانیش بریتین لە سوبێکتی ملکەچ (subjectified) ویەکێتی دەسەڵات و ڕەوایەتی، بوونی تاکی ملکەچ بە پاساوی گرێبەست و پەیمان و یاساسەروەری، بوونی دەسەڵاتیک کە پێویستی بوونەکەی گرێدراوی پاراستنی کۆمەڵگایە بۆ ڕێگە گرتن لە گەڕانەوەی دۆخی نائارامی بەر لە گرێبەست، هاوکات ڕەوایەتی دەسەڵات کە ڕاستەوخۆ لەو گرێبەستەوە وەریگرتووە کە خەڵک لەسەری ڕێککەوتوون[1]، هەروەها پێی وایە دەسەڵاتی سەروەر، دەسەڵاتی کوژرانی تاکەکان و بوونی مافی کوشتنە لەدەستی کەسی فەرمانڕەوادا، واتا پاشا یان دەسەڵاتدار دەتوانێت بڕیاربدات کەسێک بمرێت یاخود بژی، ئەو مافەی هەیە ژیان لەکەسێک بستێنیتەوە یاخود نا[2]، هەروەک (فۆکۆ) لە کۆتاییەکانی بەرگی یەکەمی مێژووی سێکسوالیتەدا بە (کۆمەڵگای خوێنی) گوزارشتی لێدەکات و پێی وایە لە (کۆمەڵگەی خوێن - society of blood)ی دا دەسەڵات لەمیانەی خوێنی تاکەکانەوە قسەدەکات، کەسی دەسەڵاتدار هەمیشە ستایشی شەڕ و کوشتار و وێرانکارییەکانی دەکات، شانازی بە شمشێر و جەلاد و پرۆسەکانی ئەشکەنجەدان و کوشتنەکانەوە دەکات، واتا بەکورتی خوێن دەبێت بە ڕەمز و سونبولی دەسەڵات[3]، هەروەک لە ئاڵای زۆربەی ئەو سیستەمانەی دوای شۆڕشی ڕزگاری دروست بوون، ڕەنگی سور وەک سیمبولێک بۆئەمە هەیە.

بنەمایەکی تری دەسەڵاتی سەروەر دیدگای بیرمەندانی گرێبەندی کۆمەڵایەتی(تۆماس هۆبز، جۆن لۆک و جان جاک ڕۆسۆ)یە، ئەو بیرمەندانە وا وێنای دەسەڵاتیان کردووە کە لەسەر بنەمای گرێبەندێکی نێوان هاوڵاتیان خۆیان هاتووەتە ئارا، تاوەکو مرۆڤ لە دۆخی سروشتی بەر لە دروستبونی دەوڵەت بگوازێتەوە بۆ دۆخی مەدەنی ژێردەسەڵاتی یاسایی دەوڵەت، بەڵام (فۆکۆ) ئەو دیدگایەی بیرمەندانی گرێبەندی کۆمەڵایەتی بۆ بوونی دۆخی سروشتی و گواستنەوەی مرۆڤ بۆ دۆخی دوای دروستبوونی دەوڵەت بەتەواوی ڕەت دەکاتەوە[4]، پێی وانیە کە دەسەڵات دەرئەنجامی گرێبەستێکی لەو جۆرە بوبێت و لە سەردەمێک دا هەمووان (وەک لای هۆبز) گورگ بووبن بۆ گیانی یەکتر و لە شەڕ و ئاژاوەی بەردەوام و نەبڕاوەدا بووبن و دواتر لە پێناو ڕزگاربوون لەدۆخێکی لەو چەشنە گرێبەستێکیان کردبێت و دەستبەرداری ماف و ئازادییە کەسییەکانیان بووبن. هەروەها بیرمەندی هاوچەرخی ئەمریکی(نوام چۆمسکی) هاوشێوەی بۆچونەکەی (فۆکۆ) بوونی دەوڵەت وەک پاساوی ڕێگری لە دۆخی (شەڕی هەمووان دژی یەکتری) ڕەتدەکاتەوە و بەسەرنجدان لەبۆچونی (ئادەم سمیس و دەیڤد هیۆم) پێی وایە پرەنسیپی بنەڕەتی لە سروشتی مرۆڤ دا بەو جۆرەیە کە

(1) Michel Foucault, Society Must Be Defended- Lectures At The College De France 1975-1976, translated by: David Macey, published by Picador. New York, 2003, p44.

(2) ibid, p240.

(3) Michel Foucault, the history of sexuality- vol 1, op.cit, p147.

(٤) مرزوقی قوراریة حلیمة، الجسد و السلطة فی فلسفة میشال فوکو، رسالة ماجستیر غیر منشورة التی قدمها فی جامعة السانیة وهران- کلیة العلوم الاجتماعیة- قسم فلسفة، الجزائر، سنة دراسیة ٢٠١٢- ٢٠١٣، ص٦٢.

پەیوەندییە مرۆییەکان بەشێوەیەکی ئاشتیانە بەڕێوە چوون[١].

(فۆکۆ) بوونی دەسەڵات لەسەر بنەمای مافەکان و پێویستی پاراستنی ئەو مافانە لەڕێگەی یاساکانی سزادان و قەدەغەکردن ڕەتدەکاتەوە[٢]. بوونی دەسەڵات لەسەر بنەمای گرێبەست و ڕێککەوتن و دەستبەرداربوونی تاکەکان لەماف و ئازادییەکانیان و هاتنە ئارای یاسایەک کە هەمووان پابەند و ملکەچ بکات، بەلای (فۆکۆ) وە ئەوخواستەیە کە سیستەمی سەرمایەداری و لیبرالیزمی سیاسی لەپێناو باڵادەستکردنی بازاڕ و وەبەرهێنان پاساوی بۆ دەهێننەوە، واتا بەگشتی دیدی گرێبەندی کۆمەڵایەتی کە دەرهاویشتەی سەردەمی دەسەڵاتی پاشایەتی و هاتنی تەوژمی سەرمایەداری بوو، زیاتر پاساوی ئەو سیستەمەبوو بۆ بەکارهێنانی هەموو تواناکان بۆ خزمەتی وەبەرهێنان نەوەک شتێکی تر، (فۆکۆ) وەک ئاماژەیەک بۆ دەسەڵاتی سەروەر دەڵێت ئەو دەسەڵاتە پێکدژانەی وەک تۆڕێک لێکئاڵاون، یاخود ئەو دەسەڵاتانەی بەشێوەی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ هەژموونیان بەسەر زەوییەکاندا سەپاندووە، خاوەنی چەکن، زاڵن بەسەر پەیوەندییە کۆیلایەتی و دەرەبەگییەکان و تاکە پاشکۆکان(کۆیلە لە سیستەمی کۆیلایەتی و جوتیار یان کۆیلەی زەوی لە سیستەمی دەرەبەگایەتی) دا، کە توانیویەتی خۆی بچەسپێنێت و بە بەکارهێنانی بەدسودانەی هەندێ گریمانەی وەک گرێبەند، خۆی وەک دەزگا و سەرچاوەی ڕێسا و دادگەری و سنورپارێزی داناوە، هەرچەندە ئەم چەشنە لەدەسەڵات بە پاساوی بنەماگەلی وەک (پرەنسیپی مافەکان) دامەزرا و ڕەوایەتیی بەخۆی دا، بەڵام لەجەوهەردا لەگەڵ سێ پرسی ناوەکی دا هاوتەریبە وەک: یەکەم/ وەک کۆمەڵەیەکی یەکگرتو و پتەو کاردەکات، دووەم/ بەناوی یاساوە ئیرادەی خۆی دەناسێنێت، سێیەم/ لەڕێگای میکانیزمەکانی قەدەغەکردن و سزادان(المنع و العقاب)ەوە پیادەی دەسەڵاتەکانی خۆی دەکات[٣].

دەسەڵاتی سەروەر لەبەرئەوەی پاساوی گرێبەندی کردووەتە بنەمای بوون و مانەوەی، هەربۆیە هەمیشە جەخت لەیاسا سەروەری و پابەندبوون بە یاسا و ڕێسا کارپێکراوەکان دەکاتەوە،(ڕۆسۆ) لەپرسی دەسەڵاتی سەروەردا پێی وایە دامەزراندنی دەسەڵاتی سەروەر پەیوەستە بە ویست و نییەتی گشتییەوە ( public deliberation) وەک هەوڵێک بۆ پابەندکردنی سەرجەم تاکەکان بە سەروەر(Sovereign)ەوە، ئەمەش بەدوو مەرج ئەنجام دەدرێت، یەکەم نابێت سەروەر پابەندبێت بە خۆیەوە، واتا نابێت وەک تاکەکان ئەویش خۆی پابەند بکات بەخۆیەوە، چونکە ئەگەر ئەوکارەی کرد ئەوا لەسەروەربوون دەکەوێت و ئاسایی دەبێتەوە وەک هەر تاکێک، دووەم سەروەر پیرۆزیی خۆی لە پەیمانەکەوە وەردەگرێت، بۆیە نابێت دەستبەرداری بەشێکی خۆی بێت، یان ملکەچی سەروەرێکی تربێت[٤]. (فۆکۆ) شرۆڤەی ئەو دیدگایەی (ڕۆسۆ) دەکات و دوو بۆچوون لەهەمبەر ئەو

(١) نعوم تشومسكي و جون بريكمون، العقل ضد السلطة، ت: عبدالرحيم حزل، دار الآمان، بيروت، ٢٠١٤، ص ص٦٧-٦٨.

(٢) المصدر نفسه، الصفحة نفسها.

(3) Michel Foucault, the history of sexuality- vol 1, op.cit, pp86- 87.

(4) Jean Jacques Rousseau, The Social Contract- Or Principles Of Political Right, Translated by G. D. H. Cole, public domain, 2002, pp 12- 13.

بۆچونانی (ڕۆسۆ) بۆ دەسەڵاتی سەروەر دەردەبڕێت، یەکەمیان بریتییە لە لێکچونی زۆر لەنێوان دەسەڵاتی سەروەر و کاڵا ئابورییەکان، وەک خۆی دەڵێت هەرئەوەشە وای لێبکات ئەمجۆرە لەتیۆرەی دەسەڵات ناوبنێت ئابورییگەرایی، چونکە لە تیۆرەی دەسەڵاتی سەروەر یان گرێبەست و تیۆرەی یاسایی دەسەڵات دا، دەسەڵات شتێکە دەتوانرێت خاوەندارێتی بکرێت و بگواسترێتەوە و ببەخشرێت، ئەمەش لەڕێگەی پەیمان و ڕێککەوتنەوە دەبێت، چونکە لەم تیۆرەدا دەسەڵات بەرجەستەیە و وەک کاڵا خاوەنداری دەکرێت[1]، خاڵی دووەم بریتییە لە کورتکردنەوەی دەسەڵات لە سیستەمی یاسایی دا، چونکە (ڕۆسۆ) لە دارشتنی تیۆرەکەی دا لەهەمبەر دەوڵەت، ئەوە نیشان دەدات کە کەسی فەرمانڕەوا وەک جەستەی کۆمەڵایەتییە، یاخود بەدیوێکی تردا ئەوە دەردەخات کە تەواوی جەستەی کۆمەڵایەتی دەخزێتە ناو کەسی فەرمانڕەواوە، ئەمەش کاتێک دەریخست کە فەرمانڕەوا لەسەر بنەمای دەستبەرداربوونی تاکەکان لەمافەکان و گواستنەوەی ئەو مافانە و سیستماتیککردنیان بەپێی یاسا قەدەغەکارەکان لەدایک بوو، یاساگەلێک کە پێویست دەکات لەسەر هەموو تاکەکان بیانپارێزن، ئەمەش ڕاستەوخۆ گوزارشتە لەوەی کە لەرۆژئاوادا دوای هاتنە ئارای ئەم چەشنەی دەسەڵات، سیستەمی فەرمانڕەوایی بێجگە لە سیستەمی یاسایی، شتێکی تر نەبوو[2]، هزرێکی چەسپاوی یاسایی بەدەوری کەسایەتی پاشاوە دروستکرابوو کە تەواو خزمەتی بە کەسایەتی پاشا و دەسەڵاتەکەی دەکرد، واتا یاسا ڕاستەوخۆ گوزارشتبوو لە ویستی پاشا و وەکو ئامرازێک بۆ خزمەتی پاشا بەکار دەهات، چونکە لەو کۆمەڵگایانەدا یاسا ڕاستەوخۆ بریتیبوو لە فەرمانی پاشا، بەواتایەکی تر فەرمانی پاشا یاسابوو، واتا بیرۆکەی گرێبەست و دامەزراوەی یاسایی لەسەر بنەمای خواست و بەرژەوەندی پاشا دامەزرابوو[3]، هەروەها (فۆکۆ)پێی وایە وێرای ئەو پێکەوە پەیوەستییەی نێوان یاسا و دەسەڵاتی سەروەر، بەڵام لەولاوە نەریتێکیش هەیە کە لە دوای سەدەی حەڤدەوە بۆمان ماوەتەوە و ئێمەی واراهێناوە کە دەسەڵاتی ڕەهای پاشایەتی وەک دەسەڵاتێکی نایاسایی، نادادپەروەر، دەستێوەردەر و سەرەڕۆ، تاکڕەو و فێڵباز و ...هتد ببینین، بەڵام ئەم نەریتە پێچەوانەی بونیادی سەرەکی سیستەمە پاشایەتییەکانی خۆرئاوایە، کە خۆیان وەک سیستەمێکی یاسایی دامەزراند و دواتر کۆی میکانیزمەکانی دەسەڵاتیان لەناو سیستەمبەندی یاسایی دا خستەکار[4]، بۆئەم شێوازەی بەکارهێنانی دەسەڵاتیانەی یاساکان، (فۆکۆ) لە جێگەیەکی تردا دەڵێت لەدوای سەدەکانی ناوەڕاستەوە سیستەمە جێگیرەکانی ڕۆژئاوا بەرەو گەشەپێدانی دەسەڵاتی پاشایەتی لەسەر حیسابی دەسەڵاتە فیودالەکان هەنگاویان نا، لەم لایەنەشەوە (یاسا) یاخود تیۆرەی سەروەری هەم ئامراز و

(1) Michel Foucault, Society Must Be Defended- Lectures At The College De France 1975-1976, op.cit, p13.

(٢) میشیل فوکو، تئاتر فلسفه، ت: نیکوس سرخوش و افشین جهاندیده، چاپ دوم، نشرنی، تهران، ١٣٩٠، ص ١٨١.

(3) Michel Foucault, Society Must Be Defended- Lectures At The College De France 1975-1976, op.cit, pp25-26.

(٤) میشیل فوکو، اراده به دانستن، ت: نیکو سرخوش و افشین جهاندیده، نشرنی، چاپ ششم، تهران، ١٣٩٠، ص ص ١٠٢-١٠٣.

هەمیش چەکێکی گرنگی دەستی پاشاکان بوو لەدژی دەسەڵاتە فیوداڵەکان، دامەزراوەکانیان، نەریت و ڕێسا کۆمەڵایەتییە فیوداڵییەکان، لەم بارەوە دوو نمونە ئەهێنینەوە، یەکەم لەماوەی (جەنگی سی ساڵە[*])ی ناوخۆیی لە ئەوروپا، پاشاکان ڕاستەوخۆ سیستەمی دادگایی و یاساییان بەخۆیانەوە گرێدا و دامەزراوەی پاشایەتی بووە شوێنێک بۆ مشتومڕ و چارەسەری گرفت و کێشەکانی نێوان خەڵکی، دووەم لەماوەی سەدەکانی سێزدە و چواردە دا، یاسای ڕۆمانی ئامرازێکی گرنگی دەستی پاشابوو تاوەکو دەسەڵاتەکەی خۆی پێ پێناسە بکات لە دژی دەسەڵات و بەرژەوەندی فیوداڵەکان، بە واتایەکی تر گەشەی سیستەم و دامەزراوەی دەوڵەت لەئەوروپا لەڕێگەی سود وەرگرتن لەیاسا بەئاکام گەیشتن، و دەسەڵاتی پاشا و دەسەڵاتی دەوڵەت لەهەناوی یاسا و ڕێساکانی گوزارشت لە گرێبەند هاتنە ئاراوە و لەناو یاساکان و دەستورەکاندا خۆیان نواندووە[١]، واتا پرسەکە نایاسایی بوونی دەسەڵاتی سەروەر نییە، وەک نەریتەکانی سەدەکانی حەڤدە و نۆزدە ئیمەیان لەسەر بارهێنابوو، بەڵکو لایەنە ترسناکەکەی ئەو دەسەڵاتە بریتییە لە یاسایی بوونەکەی و بەکارهێنانی ئەوچەشنەی یاسا، کە وەک دەمامکێک بۆ شاردنەوەی لایەنە توندوتیژ ئامێزەکەی خۆی بەکاری دەهێنێت و هیچ دەرفەتێک بۆ ڕزگاربوون و بەرەنگاری ناهێڵێتەوە.

دەسەڵاتی سەروەر لە سەدەکانی حەڤدە و هەژدەهەم دا کەوتە بەردەم شێوازێکی تری پەیوەندییەکانی دەسەڵات کە چیتر وەک بنەماکانی دەسەڵاتی سەروەری پاشایەتی و یاسایی پاشا، لەسەر بنەمای گرێبەست نەبوو و هەروەها چیتر دەسەڵاتێکیش نەبوو بەسەر زەوی و بەرهەمەکاندا پیادەبکرێت، بەڵکو ڕاستەوخۆ ڕووی لەجەستەبوو و بەسەر جەستەکاندا پیادە دەکرا[٢]، لەجیاتی ئەوەی بەرهەمەکانی جەستەی بوێت، ئەو توانایەی ناو جەستەی دەویست کە بەرپرسە لەبەرهەمهێنان، ئەو دەسەڵاتەش بریتی بوو لە دەسەڵاتی دیسپلین و چاودێر، دەسەڵاتێک کە تاکەکان دەخاتە ژێر چاودێری بەردەوامی خۆیەوە و لە بەش و پۆلی جیاواز جیاوازدا ڕێکیان دەخات و سەرپەرشتیان دەکات، بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە کە هیچ پەیوەندییەک لە نێوان هەردوو فۆرمەکەی دەسەڵات دا نییە، یاخود دەسەڵاتی دیسپلین تەواوی بنەما و ڕیشەکانی دەسەڵاتی

---

(*) جەنگی سی ساڵە (حرب الثلاثين عاما - Thirty Years' War)(١٦١٨- ١٦٤٨)، یەکێکە لە خوێناویترین جەنگەکانی سەدەی حەڤدەهەم، کێشەی لایەنە شەڕکەرەکان پرسێکی مەزهەبی نێوان کاسۆلیک و پرۆتستانتەکان بوو، واتا جەنگێک بوو لەنێوان هێز و دەسەڵاتە مەسیحییەکانی ئەوروپا و لەبنەمادا جەنگێکی ئاینی و مەزهەبی بوو، دواتر جەنگەکە تەشەنەی کردە دەرەوەی ئەوروپاش، بۆنمونە ئەمریکای باشور، ئەم جەنگە بووە هۆی کوژرانی ژمارەیەکی زۆری هاوڵاتیانی ئەو وڵاتانەی جەنگەکە تیایاندا ڕووی دا، تا هەڵگیرسانی جەنگی یەکەمی جیهانی لەسەدەی بیست، جەنگی سی ساڵە وەک کارەساتبارترین جەنگ وێنا دەکرا. بڕوانە:

(Thirty Years' War, history, 3\4\2019, look this link: [https://www.history.com/topics/reformation/thirty-years-war](https://www.history.com/topics/reformation/thirty-years-war)).

(١) میشیل فوکو، تئاتر فلسفه، منبع پێشین، ص ص ١٨٠- ١٨١.

(2) Michel Foucault, Society Must Be Defended- Lectures At The College De France 1975-1976, op.cit, pp35-36.

سەروەری لەناو بردبێت و خۆی بەتەواوی شوێنی گرتبێتەوە، نا بەڵکو دەسەڵات لەنێوان پرەنسیپەکانی سەروەریێتی و میکانیزم و ئامرازەتازەکانی کۆنترۆڵکردن و دیسیپلین دا بەردەوام بوو، واتا سنوری نێوان هەردوو فۆرمەکە تائەندازەیەکی زۆر لەیەکتر نزیکن، بەڵام ئەوەندەش جیاوازن کە نەتوانین فۆرمێکیان لەفۆرمەکەی تردا جێبکەینەوە[(١)]، بەم شێوەیە لەگەڵ مانەوەی بەشێک لە شێواز و میکانیزمەکانی سەروەریێتی و یاسایی بوونی دەسەڵات دا، پەیوەندییەکانی دەسەڵات کەوتنە ناو فۆرمی دەسەڵاتی دیسیپلینەوە وەک لە خاڵی داهاتوو دا باسی دەکەین.

## سێیەم: دەسەڵاتی دیسیپلین:

(فۆکۆ) سەرەتاکانی سەرهەڵدانی دەسەڵاتی دیسیپلین دەگەڕێنێتەوە بۆ سەردەمی کلاسیک[(*)] و پێی وایە بەر لەسەرهەڵدانی دەسەڵاتی دیسیپلین و لەسەردەمی فیوداڵی دا دەسەڵات لەدەست کەسایەتی فەرمانڕەوادا کۆدەبووەوە کە بەگشتی پاشاکان بوون و بەسەر خەڵکی دا جێبەجێدەکرا، بەڵام دەسەڵاتی پاشاکان زۆر نەدەچووە ژیانی وورد و کاروباری تایبەتی خەڵکییەوە و ئەوکاتە دەسەڵات کۆنترۆڵی بەسەر ووردەکارییەکانی ژیانی خەڵکی دا نەبوو، بەڵام دەسەڵات لەسەردەمی کلاسیکەوە بووە خاوەنی ئامرازگەلێک کە لەڕێگەیانەوە میکانیزمی تازە و جیاوازی پیادە دەکرد، بە پێچەوانەی دەسەڵاتی سەروەرەوە کە بەسەر زەوی و کێڵگەکاندا مومارەسەی دەسەڵاتەکەی دەکرد، دەسەڵاتی نوێی بۆرژوازی بەسەر جەستە و کردەوە و جوڵە تایبەتییەکانی مرۆڤیش دا پیادەکرا، واتا ئەگەر پێشتر تاکەکان ناچارکرابن بە باج و پیتاک بۆ جەنگەکان و خەرجییەکانی فەرمانڕەواکان، ئەوا لە سەردەمی نوێ تەواو خرانە ژێر کۆنترۆڵی بەردەوامی دەسەڵاتەوە، هەرئەمەش وایکرد دەسەڵات بیر لە دامەزراندنی بەندیخانە بکاتەوە[(٢)]، واتا دەسەڵاتی دیسپلینی ئەو جۆرەی دەسەڵاتە کە لەدەست پاشا ترازاوە و دەرچووە و تەشەنەی کردووەتە ناو گیانی هەموو کۆمەڵگا، بە ووتەی (فۆکۆ) سەری پاشا بڕاوە و دەسەڵات لەگەڵ فراوانبوونی شێوازەکانی کۆنترۆڵ و دیسیپلین ئیتر تەشەنەی کردووتە ناو هەموو پنتە وورد و درشتەکانی کۆمەڵگا و ژیانی مرۆییەوە و کۆنترۆڵی کردوون[(٣)]، بەجۆرێک کە دەتوانین کۆمەڵگا نوێیەکان بە کۆمەڵگای دیسیپلینی ناوزەد بکەین، واتا ئەوەی سوبێکتی دیسپلینکراو و تاکی مۆدێرنی ملکەچ دروست دەکات و دونیای ناوەکی و دەروونی ڕەنگرێژدەکات، بریتییە لە دەسەڵاتی دیسپلین، ئەو دەسەڵاتەی تەکنیکە دیسیپلینەکانی لەناو دەزگا و دامەزراوە مۆدێرنەکان دا بەکاردەبات، ئەو دەسەڵاتە دیسپلینەی تاک وەک بابەت و ئامراز و ئامانجی خۆی

---

(1) ibid, p37.

(*) ئەو قۆناغەی (فۆکۆ) ناوی ناوە سەردەمی کلاسیک، لە ساڵی(١٦٦٠) دەست پێدەکات و لەساڵی(١٨٠٠) کۆتایی دێت، ئەمەش هەمان ئەو سەردەمەیە کە بەسەردەمی باڵادەستی عەقڵ یاخود سەردەمی ڕۆشنگەری ناسراوە. بڕوانە: (محمد ضیمران، میشل فوکو: دانش و قدرت، هرمس، تهران، ١٣٨٩، ص١٥).

(2) Jose Guilherme Merquior, Foucault, University of California Press, U.S.A, 1985, pp 113.

(٣) ئەییوب کەریمی، ئازادی و دەسەڵات، چاپەمەنی مانگ، بانە- ئیران، ١٣٩٤، لالا ٦١- ٦٢.

دروست دەكات، تاكی ملكەچ و گوێڕایەڵ[١]، ڕاستەوخۆ گرێدراوی هاتنە ئارای دامەزراوە مۆدێرنەكانی دەوڵەتی مۆدێرنە، وەک دەزگا دادوەرییەكان و نەخۆشخانە و شێتخانە و ...هتد، بەڵام گرفت ئەوەیە كە تاكەكان لەوە تێناگەن كە دەزگای دیسپلین مانای دووەمی دەزگا و دامەزراوە دەوڵەتییەكانن، تەنانەت ئەسڵ ئەو شێوازەی دیسپلین و بەو جۆرە وورد و چاوەدێرییە توندەی كە (فۆكۆ) بەناوی (میكرۆفیزیای دەسەڵات) وێنای دەكات هەرخودی دەسەڵاتە، بەڵام بە ڕەنگێكی تر، واتا هەمان ناوەڕۆک، بەڵام لەدەرەوە بەڕەنگێكی ترەوەیە، وەهەمان پیادەكردنی دەسەڵاتە بەڵام بەڕێگایەكی نوێ و جیاواز، بەگشتی ئەم فۆرمە لەدەزگای دەوڵەتی مۆدێرن دا بەرجەستە بووە، بەجۆرێک لە جۆرەكان درێژكراوەی سیستەمی فیوداڵییە، بەڵام لەگەڵ خۆی دا (دەزگای پۆلیس و زیندان)ی دروستكردووە[٢]، بەجۆرێک ئەگەر دەزگا و دامەزراوە دیسپلینكەرەكان بەشێک نەبن لە دەوڵەت و شوێنكەوتەی بڕیارەكانی نەبن، ئەو بێگومان پەیوەندی تۆكمە و نزیكیان بە دەوڵەتەوە هەیە[٣]، و بەپێی بڕیار و فەرمانەكانی دەوڵەت و لەژێر دەسەڵاتی یاسا و دەستوری دەوڵەتدا بەردەوامی بە ئەرک و كاری خۆیان دەدەن.

(فۆكۆ) لە پرسی دەسەڵاتی دیسپلینی دا سەرنجمان بۆ شێوازێكی زیندان ڕائەكێشێت كە لەشێوەی گومەزێک و بەجۆرێک دروستكراوە كە هەموو زیندانەكان بە ئاسانی دەكەونە بەرچاوی چاودێری زیندانەكە، ئەم زیندانە پەیوەستە بە سیستەمی سەرانسەر بینی (دێڤید بێنتام)، ناوی زیندانەكە هەر لەو ویستەی (بێنتام) بۆ هەموو شتبین وەک شێوازێكی دیسپلینكاری بۆ دامەزراوەی چاكسازی وەرگیراوە و ناوی ناوە (پانۆپتیكۆن- Panopticon[*])، (پانۆپتیكۆن) كاریگەری

---

(١) مەریوان وریا قانع، ئەخلاق و بەرگری- سەرەتایەک بۆ ناسینی كارەكانی میشێل فۆكۆ، ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەری ئەندێشە، سلێمانی، ٢٠١٧، ل٩٢.

(٢) ژیل دلوز، فوكو، ت: نیكو سرخوش و افشین جهاندیده، نشرنی، تهران، ١٣٨٦، ص ص ٥٠- ٥١.

(3) Michel Foucault, the order of things- an archeology of the human sciences, translation of les mots et les choses, pantheon books, new york, 1971, p29.

(*) (پانۆپتیكۆن- panopticon) لە دیدی (جێرمی بێنتام) بۆ (سیستەمی سەرانسەر بین لە پێناو چاودێری وەک شێوازێک بۆ چاكسازی) وەگیراوە، پانۆپتیكۆن بە بینایەک دەوترا كە لەشێوەی گومەزدا بوو، لە ناوەڕاستی بیناكەوە قولەیەكی ئێشكگری بەرز بیناكرابوو، كە بە ئاسانی دەیتوانی بەسەر هەموو ژوورەكانی زیندانەكان دا بڕوانێت، بەم جۆرە چاودێرەكە هەموو جوڵە و هەڵسوكەوتەكانی زیندانییەكانی چاودێری دەكرد، بەڵام زیندانییەكان نەیان دەتوانی كەسە چاودێرەكە ببینن، بۆیە هەموو كات واهەستیان دەكرد كە لەژێر چاودێری دان، چونكە نەیان دەزانی كەی چاودێرەكە بە ئاگایە و كەی بێئاگایە، هەروەها كەسی چاودێریش لەسەرووی خۆی لەلایەن كەسێكی ترەوە چاودێری دەكرا كە لە قولەیەكی تری لەسەروی خۆی دا بوو. بڕوانە:

(Michel Foucault, Discipline and Punish (The Birth o f the Prison), Translated from the French by: Alan Sheridan, Vintage Books, New York, without date, p200).

هەروەها (فۆكۆ) لە وەسفكردنی (پانۆپتیكۆن)دا دەڵێت: چوارچێوەی بیناكە(A perimeter building) لەشێوەی بازنەیەكدا بوو، لەناوەڕاستی بازنەكەدا بورجێكی بەرز هەبوو كە چەند پەنجەرەیەكی هەبوو، بەشی دەرەوەی بیناكەش بەسەر چەند ژوورێک دا دابەشبووبوو، هەرژوورێک دوو پەنجەرەی هەبوو، پەنجەرەیەک بەڕووی ناوەوەی

ڕاستەوخۆی لەسەر دەروون و ئاگایی تاکەکان هەیە بەوەی هەمیشە لەو بیرکردنەوەیەدابن کە لەلایەن دەسەڵاتەوە چاودێری دەکرێن، تەنانەت لەوکاتانەش کە چاودێری ناکرێن[١]، چونکە بووە بە بەشێک لە زیهنیەت و بیرکردنەوە و تەنانەت خەیاڵکردنیشیان، بەم چەشنەش هەم ئامانجی دەسەڵات لە ملکەچی تاکەکان دێتەدی و هەمیش بەشێکی زۆری خەرجییەکانی دەسەڵاتی چاوەدێری و کۆنترۆڵ بۆ دەزگاکان دەگەڕێتەوە[٢]، واتا هەم دەستکەوتی باشترو هەم تێچونی کەمترە، بەراورد بە شێوازەکانی تری چاوەدێری.

لەژێر چاودێری سیستەمی سەرانسەربین دا چاو دەبێتە بنەمای حەقیقەت، چاو وەک زمانێک بەبێ ووشە، زمانێک کە حەقیقەتی ویستراوی خۆی نەک لە گوتارەوە، نەک لە وشەوە، بەڵکو لە بینینەوە وەردەگرێت، لەم سیستەمەدا حەقیقەتی چاو تەواوی حەقیقەتەکانی تر دەشارێتەوە و دواتر بێدەنگ و چەوساوە دەکات، پانۆپتیکۆن وورد وورد دەسەڵاتی چاو و بینین دەسەپێنێت و جێگیری دەکات، ئیتر چاو نەک هەر ئەرکی بینین، بەڵکو بڕیاردان و فەرمانڕەواییش لەئەستۆ دەگرێت[٣]، وهەموو کونج و پنتێکی ژیانی تاکەکان دەتەنێت، دەسەڵات لە ڕوانگەی تاکەکانەوە دەبێت بە سێبەر و تارمایی و واهەستئەکەن کە چاو و گوێی دەسەڵات لەهەموو شوێن و کاتێک ئامادەیە و تەنانەت دزەی کردووەتە ناو خەیاڵ و بیرکردنەوەشیان، ئەمەش تاکەکان دەخاتە ترسێکەوە کە هەمیشە چاودێری کراون، تەنانەت ئەگەر چاودێریکردنی دەسەڵاتیش ئامادە نەبووایە، ئەوا خۆیان دەبوون بە چاودێر بەسەر خۆیانەوە، دواجار لەژێر سایەی ئەم سیستەمە تاکەکان وەک میکرۆب و ڤایرۆسی ژێر میکرۆسکۆب، دەخرێنە ژێرچاودێری هەمیشەیی و بەردەوامەوە، ئیتر مرۆڤ وەک بوکەڵە، وەک ڕۆبۆت بە ڕوخسارێکی مرۆڤانەوە و بە ناوەڕۆکێکی پرۆگرامکراوی ویستی دەسەڵات دەجوڵێت[٤]، هەرکاتێکیش دەسەڵات خواستی زیادکردنی چاودێرییەکەی هەبوو ئەوا دەیخاتە زیندان و باشتر ملکەچ و دەستەمۆی دەکات. دەسەڵاتی دیسیپلین بەجۆرێک لەناوەوە، لەدەروون و عەقڵ و بونیادی ناوەکییەوە تاکەکان کۆنترۆڵ و ڕاهێنراو دەکەن کە خۆیان بەباوەڕی تەواوەوە ڕەزامەند بەو تەسلیم بوونە بن، وەک ئەوەی (گرامشی) باسی ئەو دۆخەمان بۆدەکات و دەڵێت: دەسەڵات لەڕێگەی بەرهەمهێنان و پەرەپێدانی جۆرە دونیابینیەکەوە وائەکات تەنانەت ئەوانەشی کە ئینسانی ئاگامەند و هۆشیارن پارێزگاری لە واقیعەتی دۆخەکە دەکەن و باوەڕ بە شایستەبوون بە ژێردەستە بوونیان

---

بیناکەدابوو کە دەرفەتی دەدا ژوورەکە لە بورجەکەوە ببیندرێت، پەنجەرەیەکیش بەڕووی دەرەوەدابوو کە تیشکی ڕوناکی لێوەی دەهاتە ژوورکەوە، بەم شێوەیە هەموو ژوورەکان لەبورجەکەوە ئاشکرا و بینراوبوون. بڕوانە:

(Michel Foucault Power and Knowledge- Selected Interviews and Other Writings 1972-1977, Translated by: Colin Gordon, Leo Marshall John Mepham and Kate Soper, Pantheon Books, New York, 1980, p147)

(1) Michel Foucault, Discipline and Punish (The Birth o f the Prison), op.cit, p201.

(٢) محمد صفار، تفكيك مفهوم القوة عند ميشيل فوكو- إعادة فتح الملف الإيراني، مكتبة الاسكندرية، الاسكندرية- مصر، ٢٠١٧، ص٧٤.

(٣) عارف دانیالی، سەرچاوەی پێشوو، لا٣٥٧.

(٤) جەبار أحمد، سەرچاوەی پێشوو، لا٨١.

دەهێنن و ئەو دۆخە بە ئاسایی و نۆرماڵ وەرئەگرن و پێیان وایە کە شیاو و دادپەروەرانەیە، بەم چەشنە دەسەڵات کۆمەڵگا هەڵدەلوشێتە ناو دۆخی دیسپیلن و کۆنترۆڵکردنەوە[١].

(فۆکۆ) پێی وایە دەسەڵاتی مۆدێرن ئەم سیستەمە بەناو جەستەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا و سەرجەم دەزگا و دامەزراوەکانی تردا بڵاو دەکاتەوە و جێبەجێی دەکات، واتا هەمان ئەم وێنایەی زیندان لەناو نەخۆشخانە و خوێندنگە و کارگە و چارەسەرگەی دەروونی و...هتد پیادە دەکات، وەک ئەوەی بێنتام پێی وابوو بەبێ بەکارهێنانی هێز، دەتوانیت وابکەیت شێتەکان ئاسانتر چارەسەر وەربگرن، کرێکاری کارگەکان باشتر کاربکەن، خوێنداکاران پابەندتر بن، نەخۆشەکان زیاتر تێبینی و سەرنجیان لەسەر ڕێنماییەکان هەبێت و ...هتد، چیتر پێویستمان بەو هەموو چاوانە(القضبان- bars) نابێت، چیتر ئەو هەموو زنجیرانە(السلاسل- chains)مان ناوێت، ئیتر بوونی ئەو قوفڵە قورسانە (أقفال ثقيلة- heavy locks) مان گەرەک نین، هەموو ئەوەی پێویستمانە بوونی چاودێری بەردەوامە[٢]، بە جۆرێک لەناو دەروونی تاک بەتاکی ئەندامانی کۆمەڵگەدا بیچەسپێنین.

هەرچەندە (فۆکۆ) لەباسکردنی دەسەڵاتی دیسپیلن دا، هاوکات باس لە کۆنترۆڵکردنی تاکیش دا دەکات، بەڵام (ژیل دۆلۆز) فەیلەسوفی هاوچەرخی فەرەنسی، پێی وایە کۆنترۆڵ قۆناغێک دوای دیسپیلینە، بۆنموونە دەڵێت کە لە کۆمەڵگای دیسپیلن دا تاک هەمیشە لەسەرەتاوە دەستپێکردووە، لە خوێندنگەوە بۆ سەربازگەکان و پاشان بۆ کارگە، بەڵام لە کۆمەڵگای کۆنترۆڵ دا تاک ناتوانێت لە شتێکەوە بۆ شتێکی تر بگۆڕێت[٣]، هەمان شێوازی کۆنترۆڵ وەکو یەک لەناو سوپا و خوێندنگە و خێزان و ...هتد جێبەجێدەکرێت، واتا تاک ناتوانێت لە شوێن و سیستەمێکی دامەزراوەیی جیاوازەوە بۆ سیستەمێکی تری دامەزراوەیی بچێت، بەڵکو سەرجەم کۆمەڵگا لەیەک سیستەمی سەراپاگیرەوە دەئاڵێت کە هەموو شتێکی لەناو خۆیدا گرێداوە و کۆنترۆڵکردووە.

## چوارەم: بایۆ دەسەڵات:

بایۆ دەسەڵات واتا ئەو دەسەڵاتەی بەسەر ژیاندا دەڕوانێت و خۆی وەک غەمخۆر و پارێزەری ژیانی تاکەکان دەبینێت و لەتەک کارکردن لەسەر مەرگ و سزا، هاوکات کار لەسەر ژیان و تەندروستی و تەمەندرێژی تاکەکانیش دەکات و دەیان پارێزێت.

(فۆکۆ) دەڵێت بۆ ماوەیەکی درێژ، مافی ژیان و مردن یەکێک بووە لە ئیمتیازە گرنگەکانی دەسەڵات، کە مافی ڕەهای بەسەر ژیان و مردنی تاکەکانەوە هەبووە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ دەسەڵاتی باوکایەتی(السلطة الأبوية)کۆن، بۆنموونە لە ڕۆمانی کۆن دا باوک خاوەن مافی پێدانی ژیانی

(1) carl boggs, the tow revolutions(Gramsci and the dilemmas of western Marxism), south end press, U.S.A, 1984, p199.

(2) Michel Foucault, Discipline and Punish (The Birth o f the Prison), op.cit, p202.

(٣) ژیل دۆلۆز، "پەراوێزێک لەبارەی کۆمەڵگەی کۆنترۆڵەوە"، لە: کۆمەڵێک نوسەر، جیهانی میشێل فۆکۆ، و. ئاوات أحمد سوڵتان، ناوەندی ڕۆشنبیری ئەندێشە، چاپی دووەم، سلێمانی، ٢٠١٧، ل٣٢٦.

منداڵەکان و کۆیلەکانی هەبوو، هاوکات دەیشیتوانی ئەومافەیان لێوەربگرێتەوە، هەمان ئەو مافی مەرگ و ژیانە بەجۆرێک لەجۆرەکان بۆ دەسەڵاتی نوێش سەردەمانی دوای ڕۆمانیش دەگوازرێتەوە، بۆنمونە ئەگەر لەلایەن هێزێکی دەرەکییەوە هێرش بکرایەتە سەر دەسەڵاتداران و هەوڵی ڕوخاندنی یان پێشێلکردنی مافی دەسەڵاتدارەکەیان بدایە، ئەوا کەسی دەسەڵاتدار بەپێی یاساکانی وڵاتەکەی هەڵگیرسانی جەنگی ڕادەگەیاند و داوای لە تاکەکان دەکرد بەرگری بکەن و بەپێی یاسا پێویستبوو ژیانیان بخەنە بەردەم مەترسی مەرگ لەپێناو وڵات و کەسی فەرمانڕەوادا، بەڵام ئەگەر هەرتاکێک ئامادەنەبووایە بەرگری بکات و قوربانی بەژیانی خۆی بدات، ئەوا کەسی فەرمانڕەوا مافی سزادانی هەبوو بە ئەشکەنجەدانی یان کوشتنی[1]، واتا لەهەردوو دۆخەکەدا مافی ژیان و مردن ڕاستەوخۆ بە ویست و ئیرادەی کەسی فەرمانڕەواوە گرێدرابوو و پەیوەستبوو بە بەرگری کردن لە فەرمانڕەوا و دەسەڵاتەکەیەوە[*]، لەگەڵ مانەوەی ئەم ڕەهەندەی مافی ژیان و مردن، بەڵام دەسەڵات لەسەردەمی نوێ دا چیتر جەستەکان ئەشکەنجە نادات و لەناویان نابات، چیتر کار لەسەر مەرگ ناکات بەڵکو کار لەسەر ژیان و زیندوو هێشتنەوەی جەستەکان دەکات، دەسەڵات لەسەر مانەوە و زیندوێتی جەستەکان و ساخلەمی و تەندروستیان دەژیت، ئەم جۆرەی دەسەڵات (فۆکۆ) ناوی دەنێت (بایۆ-دەسەڵات)، سەرهەڵدانی ئەم فۆرمەی دەسەڵات لەناو تۆڕێکی تازەی پەیوەندی و بەڕێوەبردندا سەرهەڵدەدات کە بریتییە لە وەرگۆڕانی پەیوەندییەکان بۆ ژیان، ئەویش (بایۆ- سیاسەت)ە.

سەرهەڵدانی بایۆ دەسەڵات دەگەڕێتەوە بۆ دوای نیوەی دووەمی سەدەی هەژدە، لەدوای ئەوکاتەوە تەکنەلۆژیایەکی تازەی دەسەڵات سەری هەڵدا کە چیتر تەنیا کۆنترۆڵ و دیسیپلینسازنییە، هەرچەندە ئەم فۆرمەی دەسەڵات میکانیزمە دیسیپلینکەرەکانی پێشوو ڕەتناکاتەوە، بەڵکو تێکەڵ بە ستراتیژەکانی خۆیانی دەکات و بە کەمێک گۆڕانکارییەوە دەیانخاتە خزمەت تەکنیک و میکانیزمەکانی خۆیەوە[2]، بەڵام لەجیاتی ئەوەی ئاڕاستەی خودی تاکی بکات، ئاڕاستەی کۆمەڵگای دەکات وەک گشتێک، هەروەها لەجیاتی کوشتن یان سزادانی جەستەکان، بۆ پەروەوەردە و پاراستنی ژیان و تەندروستی کۆمەڵگا و دەستەبەری پێداویستییەکانی ئاڕاستەی دەکات، بایۆ دەسەڵات بەپێچەوانەی دەسەڵاتی دیسیپلینەوە ناخوازێت بەو چەشنە تاکییە مامەڵە بکات و فرەییەکان دابەشبکات و لەناو

(1) Michel Foucault, the history of sexuality- vol 1, op.cit, p135.

(*) (فۆکۆ) زۆر جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە دەسەڵات هەمیشە دەخوازێت دوالایەن و تاکە لایەنی خاوەن مافی ژیان و مردن، هەرخۆی بێت، بۆنمونە دەڵێت: هێز و دەسەڵات بەرلەهەرشتێک، هەوڵدەدەن بۆ دەستەبەری مافی وەرگرتن، وەرگرتنی شتەکان، کات، جەستەکان، دواتر کۆی ژیان، واتا لوتکەی دەسەڵات بریتییە لە بەدەستهێنانی ژیان بۆ سڕینەوەی. بڕوانە: (ميشيل فوكو، إرادة العرفان، ت: محمد هشام، الدار البيضاء، المغرب، ٢٠٠٤، ص١١٣). هەروەها دەڵێت: هەرگیز جەنگەکان بە ئەندازەی جەنگەکانی دوای سەدەی نۆزدە پرکوشتار و خوێنڕشتن نەبوون، هەرگیز دەسەڵاتەکان پێشتر بەم ئەندازە و ئاستە هاوڵاتییانی خۆیان کۆمەڵکوژ نەکردووە. بڕوانە: (المصدر نفسه، الصفحة نفسها).

(2) Michel Foucault, Society Must Be Defended- Lectures At The College De France 1975-1976, op.cit, p242.

بونیاده تاكگەراییەكاندا بیانتوێنێتەوە و ئەگەر پابەندی ئەو سیستەمە تاكسازییە دیسیپلینكارەش نەبوون سزایان بدات، بەڵكو لەجیاتی ئەوە، كۆمەڵگا وەک گشتێک و بە فرەییەكەی خۆیەوە بە ئامانج دەگرێت و كار لەسەر پرۆسەكانی ژیان و مردن و لەدایكبوون و تەندروستی و پەروەردە و ...هتد دەكات(1)، ئەم فۆرمەی دەسەڵات چیتر دەسەڵاتێک نییە تەنیا بۆ كۆنترۆڵ و كوشتن، بەڵكو هاوكات كار لەسەر ژیان و زیندوو مانەوەش دەكات، واتا بایۆ دەسەڵات لەناو دۆخ و بارێكی تایبەت دا سەری هەڵدا كە دەشێت ئەو دۆخە بە بایۆ سیاسەت(biopolitics) گوزارشت بكەین، ئەم دۆخە ڕووی لە كۆی دانیشتوانە وەک گشتێک كە لەهەمان كاتدا هەم وەک پرسێكی سیاسی و هەمیش وەک پرسێكی زانستی لێی دەڕوانێت(٢)، پرسێكی سیاسییە چونكە ئەو دانیشتوانەیە كە ئاڕاستەی سیاسەتی دەسەڵات و فەرمانڕەوایی و هێزو تواناكەی دیاریدەكات، هەروەها پرسێكی زانستیشە چونكە تاوەكو گرنگی بە ژیان و تەندروستی و پێداویستییەكانی دانیشتوان نەدرێت ئەوا ناتوانرێت وەكو ئەو سەرچاوە زیندووەی مانەوەی دەسەڵات پشتی پێ ببەسترێت.

هەرچەندە (فۆكۆ) بەپێچەوانەی ئەو دیدگا و بۆچوونانەوەیە كە ژیان وەک بنەما و بناغەی سیاسەت دەزانن، تەنانەت لە مەودای كاری ڕەخنەسازیش دا خۆی دەبوێرێت لەو تیۆرە و تێزانەی كە ژیان وەک ئۆبێكتێک لەهەمبەر سوبێكتی سیاسەت دادەنێن، بەڵام لە بنەمادا ژیان نەک هەر تەنیا ئۆبێكتی سیاسەتە و لەسەر بڕیارەكانی كاریگەرە و پەیوەندی دەرەكی لەگەڵی دا هەیە، بەڵكو لەسەر ناوكی سیاسەت كاریگەری هەیە و هەڵگری پەیوەندییەكی ناوەكییە، واتا سوبێكتی سیاسی كە بایۆ- سیاسەتە دەربڕی ویست و ئیرادەی فەرمانڕەوا نییە، بەڵكو خواستی سیستماتیک كردن و ئیدارەدانی ژیانی جەماوەر و پرۆسە و كردەكانیەتی، واتا پیادەكردنی دەسەڵات بەسەر تاكەكاندا بەجۆرێک بێت كە تاكەكان وەک بوونەوەری بایۆلۆژی لەبەرچاوبگرێت و دەسەڵات وەک دەزگایەک بێت بۆ دروستكردن و زیندوو هێشتنەوەی جەماوەر تاوەكو بتوانرێت سودیان لێوەربگرێت بۆ بەرهەم هێنانی داراییەكان، سامان و تاكەكانی تر(٣)، ئەم دیدگایەش بینینی دەسەڵاتە بەوچەشنەی كە بەشێوەی ئەرێنی بەسەر ژیاندا دەڕوانێت و هەوڵدەدات كار بۆ بەڕێوەبردن و چاككردنی ژیان بكات، و لەولاوەش دیسیپلینێكی وورد و سیستەمێكی ڕێكخستنی پتەوی بەسەردا دەسەپێنێت، كۆی تاكەكان وەک بوونەوەری زیندووی سودبەخش بۆ دەسەڵات لەدەوری خۆی كۆدەكاتەوە و تەنانەت هەڵگیرسانی شەڕەكانیش بەناوی دەسەڵاتێكەوە ڕاناگەیەنێت كە دەبێت بەرگری لێبكرێت، بەڵكو بەرگرێكی گشتی بەبەردا دەكات و بەناوی بوونیەت و ئازادی هەمووان و پارێزگاری لە هەمووانەوە بڕیاری جەنگ دەدات، واتا دەسەڵات سەرجەم تاكەكان بانگهێشتی جەنگ دەكات بەناوی پارێزگاری لە ژیانیان، داوایان لێدەكات یەكتری بكوژن، ئەوی تر بكوژن، خۆیان بخەنە بەردەم هەڕەشەی كوژران، بەناوی پارێزگاری لە زیندوو مانەوەیان، دەسەڵات سەرجەم كوشت و كوشتار و جەنگەكان

(1) ibid, pp242-243.
(2) ibid, p245.

(٣) میشیل فوكو، تئاتر فلسفه، منبع پێشین، ص ص ١٩٠-١٩١.

بە پاساوی پارێزگاری لەژیان هەڵدەگیرسێنێت[١].

(فۆکۆ) پێی وایە بایۆ- دەسەڵات بەجۆرێک دەستی خستووەتە ناوەڕۆک و قوڵایی ژیانی تاکەکانەوە کە ناتوانرێت کاریگەری و هەژموونەکەی بەتاڵبکرێتەوە و تەنانەت هەموو ئەو ئایدیا و باوەڕانەش کە بانگەشەی کاری لەو جۆرە دەکەن ئەوا ناتوانن بەو خواستەیان بگەن، بۆنموونە خواستی لیبراڵەکان بۆ جیاکردنەوەی پرسە گشتییەکان لە پرسە تایبەتییەکان زیاتر لەخەون دەچێت نەوەک حەقیقەت، چونکە چاوەکانی دەسەڵات لەهەموو شوێنەکان و لەناو هەموو کایەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی دا ئامادەن و ئاگاداری وردترین و تایبەترین شتی ژیانن لە کۆمەڵگادا[٢]، هەروەها بایۆ- دەسەڵات تەواو لەناو پرۆسەکانی پەروەردە و ژیانی گشتی دا تواوەتەوە و تێکەڵبووە و ڕەگی داکوتاوە. (فۆکۆ) هاتنەئارا و دواتر گەشەسەندنی بایۆ- دەسەڵاتی گرێداوە بە هاتنەئارای سیستەمی سەرمایەدارییەوە، هەروەها پێی وایە بایۆ- دەسەڵات ڕەگەزێکی گرنگی سەرهەڵدان و فراوانبوونی سیستەمی سەرمایەدارییە، چونکە سەرمایەداری بەبێ بارهێنانی جەستەی کۆنترۆڵکراو و ڕێکخراو لەگەڵ دەزگاکانی بەرهەمهێنان و سیستماتیککردنی ئاپۆرای جەماوەری و پرۆسەئابورییەکان، وێڕای ئەمەش سیستەمی سەرمایەداری ویستی زیاتری هەبوو لە زیادکردنی جەستەکان و فراوانتربوونی ئاپۆرای حەشامات، هەروەها بەهێزترکردنیان و دەستەمۆترکردنیان بەجۆرێک کە زیاتر سود و کەڵکیان بۆ سیستەمەکە هەبێت، لەم پێناوەشدا بایۆ- دەسەڵات بەڕێگەی تەکنیک گەلێک لەسەر جەستەی کۆمەڵایەتی و لەڕێگەی دامەزراوە هەمەچەشنەکانی وەک (خێزان و سوپا، خوێندنگە و دەزگای پۆلیس، پزیشکی تایبەتی و بەڕێوەبردنی بەکۆمەڵی جەستەکان)، لەپێناو پرۆسە ئابورییەکان دا خرایە گەڕ[٣]، واتا ئامانجی سیستەمەکەش دەستەبەری ئازادی نەبوو وەک ئەوەی بیرمەندانی لیبراڵ بانگەشەی بۆ دەکەن، بەڵکو وەک ئەوەی (فۆکۆ) دەڵێت بۆ زاڵبوونی زیاتر بوو نەوەک ئازادبوون، هەرلەو پێناوەش دا میکانیزمەکان وردتر و ستەمکارانەتر بوون[٤].

بەگشتی ئەوەی لەم تەوەرەیەدا خستمانە ڕوو دەربارەی ڕوانگەی (فۆکۆ) بۆ ماهیەت و فۆرمەکانی دەسەڵات، گرێدراوی شرۆڤەکارییەکانی (فۆکۆ)یە بۆ پەیوەندییەکانی دەسەڵات لەناو پرۆسەکانی ژیانکردن و کاریگەری دانان دا، هەر فۆرمێکی دەسەڵات هەڵگری شێوازێکی دیاریکراوی پەیوەندییە کە لە فۆرمەکانی تری دەسەڵات و شێوازەکانی تری پەیوەندی جیای دەکاتەوە، بەڵام هەندێکجار و بۆ هەندێک حاڵەت، بوونی دوو فۆرم یان زیاتری دەسەڵات لەناو هەمان کایەی ژیان و هەمان پیادەکاری دەسەڵات دا دەتوانرێت بسەلمێندرێت، واتا ئەو فۆرمانەی دەسەڵات لێکدابڕاوی و پچڕانی تەواوەتی لەنێوانیان دا نییە، بەڵکو هەندێک کات هەمان شوێنکاریان هەیە و جۆرێک لە تێکئاڵان و پێکداچوونیش لەنێوانیان دا هەیە.

---

(1) Michel Foucault, the history of sexuality- vol 1, op.cit, p136.

(٢) ئەییوب کەریمی، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٢.

(3) Michel Foucault, the history of sexuality- vol 1, op.cit, pp140- 141.

(4) Lisa Downing, The Cambridge Introduction to Michel Foucault, CAMBRIDGE UNIVERSITY PRESS, New York, 2008, p76.

## تەوەرەی دووەم: ڕەهەندە جۆرییەکانی دەسەڵات:

لەم تەوەرەیەدا باس لە ڕەهەندە جۆرییەکانی دەسەڵات و بوونی بەرگری لەهەمبەر دەسەڵات دەکەین، وەک لە خوارەوەدا باسمان کردووە، دەسەڵات لە چەند جۆرێک دا دەردەکەوێت وەک (دەسەڵاتی شوانکارەیی) و (دەسەڵاتی مۆدێرن و دەوڵەتی)، کەهەریەکێک لەم جۆرانە لەناو خۆیاندا کۆمەڵێک ڕەهەندی جۆربەجۆریان هەڵگرتووە، دواتر وەک ڕوونمان کردووەتەوە دەسەڵات بە جۆرە جیاوازییەکانیەوە، لەناوخۆی دا هەمیشە پنتەکانی بەرگری هەڵگرتووە، واتا لەهەرکوێ دەسەڵات هەبێت، ئەوا بیەوێت یان نا، لەناو خۆی دا درز و دەرەچەیەکی ڕزگاری و ڕەتکردنەوە و بەرگری لەهەمبەر دەسەڵاتی هەڵگرتووە.

### یەکەم: دەسەڵاتی شوانکارەیی:

دەسەڵاتی شوانکارەیی بە واتایەکی تر گوزارشتکردنی کەسی فەرمانڕەوا بە شوان و هاوڵاتیان بە مێگەل، مێژوویەکی دێرینی هەیە و بۆ ساڵانی بەر لە لەدایکبوونی مەسیح دەگەڕێتەوە، لە شیعرەکانی (هۆمیرۆس) دا وەک ئاماژەدان بە کەسایەتی پاشا، ووشەی شوان بەکارهاتووە، هەروەها لە (ئیلیادە و ئۆدیسە)شدا چەندان ئاماژە دەبیندرێت کە تیایاندا پاشا وەک شوان و ڕابەری مێگەل وێناکراوە، و (زیۆس) کە بریتی بوو لە خوای خواوەندەکانی یۆنان، ناوزەد دەکرا بە (nomioz یاخود nemioz)، لەبەرئەوەی خواردن بەمەڕ و مێگەلەکەی دەدات و غەمخۆری و گەرموگوڕی شوانانەی تیادایە[١]، هەروەها لە ئەدەبییاتی کۆنی هیند و ئەورووپییەکان و شیعرە حەماسی و دەقەنوسراوەکانی ئاشورییەکانیش دا گوزارشتکردنی پاشا وەکو شوان بەرچاودەکەوێت[٢]، لە میسری کۆنیش دا (فیرعەون) وەک شوانێک ئاماژەی بۆدەکرا و تەنانەت لە مەراسیمەکان و ڕۆژی تاج لەسەرنانی دا گۆچان(دارێکی چەماوە)ی شوانانەی بەدەستەوە دەبوو، کەئاماژەبوو بۆ بوونی بە شوانی خەڵکی میسر، هەروەها پاشای بابلییەکان چەند نازناوێکی هەبوو، یەکێک لە نازناوەکان (شوانی مرۆڤەکان)بوو، وێڕای پاشاکەیان، بابلییەکان لە ئاینەکەیاندا (خوا)شیان وەک شوان ئاماژەپێدابوو، کە تاکەکان بەرەو لەوەڕگای باش و بەپیت ئاڕاستە و ڕێنوێنی دەکات، لە یەکێک لە سروتە ئاینییەکانیشیاندا دەیانگوت: ئەی خودا، ئەی ئەوشوانەی لەکاتی خەوتنی مێگەلەکەت، تۆ ئاگادار و بەخەبەریت، ئەی خوا، ئەی ئەو شوانەی تەنیا ئەوشتانەت دەوێت کە بۆ مێگەلەکەت باش و بەسودە[٣]. دەسەڵاتی (شوانکارەیی مەسیحی[*])یش لە سەدەکانی ناوەڕاستەوە سەرهەڵدەدات و

(١) جەبار أحمد، سەرچاوەی پێشوو، لالا٢٢-٢٣.

(٢) کۆمەڵێک بیرمەند، دەسەڵات و حەقیقەت، و: ئیدریس شێخ شەرەفی، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئەدەبی و فیکری نما، هەولێر، ٢٠٠٤، لالا ١١١-١١٢.

(٣) هەمان سەرچاوە، لا١٠٧.

(*) ڕۆڵی ئایینی مەسیحی و دەزگای کڵێسا و پرۆسەکانی چاودێری و دانپێدانان، لەسەر گەشەی دەسەڵاتی شوانکارەیی بەتەواوی دیار و بەرچاوە، (فۆکۆ) پێی وایەی مەسیحییەت تاکە ئایینە کە لە چوارچێوەی دەزگایەکی وەک کڵێسادا

هەوڵی ڕێسابەندکردنی شتەکان، پرۆسەکان و کۆی ژیان دەدات، شوانکارەیی مەسیحی لەهەمان کاتدا هەوڵی کۆنترۆڵکردنی تاکەکان وەک تاک و هەمیش کۆنترۆڵی جەماوەر وەک گشت دەدات، و کەسی (شوان) توانای ناسینی تاک بەتاکی مێگەلەکەی هەیە و لە تەواوی خواستە تایبەتییەکانیان ئاگادارە و هەم پێداویستییە وورد و تایبەتەکانیشیان دەزانێت و ئاگای لەبچوکترین جوڵە و کاروباریانە، و نابێت هیچ شتێکی شاراوە و نهێنی هەبێت کە شوان لێی ئاگادار نەبێت؛ شوان بۆ مێگەلەکەی، لە خودی ئەندامانی مێگەلەکە هەم نزیکتر و ئاگادارترە، هەمیش غەمخۆرتر و میهرەبانترە، دەبێت شوان بچێتە ناو ووردترین جوڵەی مێگەلەکەوە، هەموو ڕەفتار و شوێن تاوان و هەڵەیەکیان بدۆزێتەوە[١]، (فۆکۆ) پێی وایە دەسەڵاتی شوانکارەیی بەو تایبەتمەندییانەیەوە کە باسمانکردن، تاقولاییەکی ترسناک ڕۆچووەتە ناو ڕۆحی مۆدێرنەوە و ئامرازێکی گرنگی بەرهەمهێنانی پەیوەندییە نوێیەکانی دەسەڵاتە، وەک دەڵێت پێویستە ئەو حەقیقەتە بزانین کە دەوڵەتی مۆدێرن لە خۆرئاوا کە لە شێوەیەکی سیاسی نوێدا خۆی دەرخستووە، بەڵام ناوەڕۆک و تەکنیەکەکانی کە بەکاریان دەهێنێت، لەدەزگای مەسیحییەتەوە وەریگرتوون، ئەوانیش ئەو تەکنیکانەن کە دەسەڵاتی شوانکارەیی دەنوێنن[٢]، و شوان لە دەسەڵاتی مۆدێرن دا لە شوێنێک وەستاوە کە دەتوانێت بچوکترین جوڵە و وەسوەسەی تاک بەبێ هیچ پەردە و لێلییەک ببینێت، و دەتوانێت تاکی مۆدێرن لەهەموو پەردەیەک دەربهێنێت و بەجۆرێک بیخاتە بەر ڕوناکی بیناو کە تاک بەتەواوی بەرەو ڕووی خۆیبکاتەوە[٣]، و لەخۆڕوانین و خۆبینینی تاک بکاتە چاوی دەسەڵات و تاک ناچار بکات هەست بە بوونی شوانێکی چاودێر لەناو ناخ و دەروونی دا بکات، واتا پێی وایە دەسەڵاتی مۆدێرن لەڕێگەی ڕێسامەندی دەسەڵاتی شوانکارەییەوە نەک هەر بەسەر قەڵەمڕەوییەکی نەگۆڕدا پیادە دەبێت، بەڵکو باڵایی خۆی بەسەر جەماوەرێک دا پیادە دەکات کە وەک مێگەل بەرەو ئامانجێک ڕایسپاردوون[٤]، کە ئامانجەکەش تەنیا لە چوارچێوەی خزمەتی دەسەڵات دا جێکراوەتەوە، واتا ئەگەر مانەوە و زیندوویتی میگەلەکە بەسوودی دەسەڵاتبوو، ئەوا پێویستە مانەوەی مێگەلەکە پارێزراو و گرەنتی کراو بێت، ئەگەریش دەسەڵات پێویستی بەقوربانی بوو، ئەوا لەسەر مێگەلەکە پێویستە قوربانی پێشکەشبکات، وەک ئەوەی (گرۆسیۆس) ئاماژەی پێدەکات کە چەشنی مرۆڤەکان دابەشی چەند مێگەلێک (herds of cattle) دەبن، هەر مێگەلێکیش لەلایەن فەرمانڕەوایەکەوە بەڕێوەدەبرێن، کە پارێزگارییان لێدەکات بۆئەوەی لەکۆتایی

---

خۆی ڕێکخستووە و ئەم دەزگایی بوونە لە لایەک و لەلایەکی تریشەوە ئەو بنەڕەتەی مەسیحییەتی لەسەر دروستبووە کە پێی وایە تاکەکان دەتوانن لەڕێگەی باوەڕەکانی خۆیانەوە خزمەت بکەن بەبێ پێویستبوون بەپێگەی وەک پاشا، فەرمانڕەوا، پێغەمبەر، خێۆرخواز و پەروەردەکار، بەڵکو وەک شوان. بوونە هۆی ئەوەی بەتەواوی شوانکارەیی لەناو مەسیحییەت دا ڕەگی خۆی بچەقێنێت، بڕوانە: (میشێل فۆکۆ، ڕەخنە چییە - وانە وتاری ئەنجومەنی فەرەنسی فەلسەفە، و: فاتح سەعیدی، چاپخانەی یاد، سلێمانی، ٢٠١٤، لا٢٣١).

(١) عارف دانیالی، سەرچاوەی پێشوو ، لا٢٩٧.

(2) Michel Foucault, critical inquiry- vol 8 - subject and power, op.cit, pp782-783.

(٣) عارف دانیالی، سەرچاوەی پێشوو، لا٣٠٨.

(٤) هەمان سەرچاوە، لالا٢٩٢، ٢٩٤- ٢٩٥.

دا خۆی بیانخوات[1]، وەک ئەوەی دەسەڵاتی مۆدێرن گرنگی بە پێداویستی و ئارەزووی تاکەکان دەدا، بەڵام هەرکات پێویستی بە قوربانیدان هەبوو ئەوا بەلێشاو بەرەو مەرگ بەرێیان دەکات و بەپاساوی بەرژەوەندی نەتەوەیی و نیشتمانی و ئایینی و ..هتد، دەیانخاتە ناوجەنگەکان و ژیانیان وەکو سەروەتی جەنگیی بۆخۆی دەبینێت.

وابەستەیی مێگەل بە کەسی شوانەوە بە توندی لەناو دەروون و بیرکردنەوەی تاک بەتاکی مێگەلەکەدا دەچەسپێت، مەڕی ناو مێگەل نەک هەر لەکاتی تەنگانە و ناخۆشیدا ڕێگە دەدات لەلایەن شوانەوە ڕێبەری بکرێت، بەڵکو لەهەموو کاتێکدا ئامادەیی ملکەچبوونی تێدایە و پابەندبوون بە ڕێنمایی شوانەکەوە، لەلای دەبێت بە نەریتێک و سروشتی دووەمی، تەنانەت هەرکاتێک ئەگەر ڕێنماییەکان پشتگوێبخات، ئەوا هەست بە تاوان و گومڕایی دەکات، و باوەڕی وایە ئەگەر شوان نەبێت ئەوا تەواوی مێگەلەکە پەراگەندە و پەرتەوازە دەبێت و لەناو دەچێت[2]، هەربۆیە بوونی خۆیان بە بوونی شوانەکەوە دەبینن و ناتوانن بەبێ بوونی شوان ئەوانیش هەبن، و شوانیش تەنیا پارێزگار و پشتیوانی ئەو مێگەلە یان ئەو تاکەی ناو مێگەلە کە وابەستە و پابەندی تەواوی بە گوێڕایەڵبوون و ملکەچییەوە هەیە، و ئەگەر مێگەلێک گوێڕایەڵ نەبێت، چیتر مێگەل نییە و لای شوان بەهای نییە، مێگەل خۆی ناتوانێت بەها بۆخۆی بخولقێنێت و دەستبەردرای شوان بێت و هەوڵی سەربەخۆبوون و ڕزگاربوون بدات، شوانیش هەمیشە لەپێناو پارێزگاری لە باڵادەستی خۆیی و مانەوەی فەرمانڕەواییەکەی و زیاتر ملکەچکردنی مێگەلەکە، ئەندامانی مێگەل بەجۆرێک فێر دەکات کە دژی سەربەخۆبوون بن[3]، و بە چەشنێک پەروەردە و ڕاهێندراویان دەکات کە چێژ لە ملکەچی ببینن.

## دووەم: دەسەڵاتی دەوڵەت:

دەسەڵات دیاردەیەکە لەهەموو کۆمەڵگایەکدا و لەناو هەموو کۆمەڵەیەک دا ئامادەیی هەیە، گەورەبێت یان بچوک، پێشکەوتوو بێت یان خێڵەکی و نەریتیی، بەڵام جیاوازی هەیە لەنێوان دەسەڵاتی دەوڵەت و دەسەڵات لەناو دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانی تری وەک خێزان، سەندیکاکان، پارت، خێڵ...هتد، بەڵام جیاوازی نێوان دەسەڵاتی دەوڵەت و دەسەڵاتی ناو ئەو دامەزراوانەی تر بریتییە لە ئاستی ڕێکخراوبوون و سیستماکی دەسەڵات نەوەک سروشتەکەی[4]، چونکە سروشتی دەسەڵات هەموو کات هەمان شتە. وێڕای بوونی دیدگا گەلێکی زۆر بۆ ڕۆڵ و پێگە و کارگەری دەوڵەت، کە ئایا دەوڵەت کاریگەری ئەرێنی یاخود نەرێنی لەسەر ژیان و ئازادی تاکەکان و کۆمەڵگا هەیە، بەڵام بەگشتی دوو باوترین دیدگا، بریتین لە ڕوانگەی بیرمەندە لیبراڵەکان و بیرمەندە

---

(1) Jean Jacques Rousseau, op.cit, p3.

(٢) عارف دانیالی، سەرچاوەی پێشوو،لالا ٣٠٩- ٣١١.

(٣) هەمان سەرچاوە، لالا٣٠٨- ٣٠٩.

(٤) منذر الشاوي، فلسفة الدولة، الذاكرة للنشر و التوزيع، ط٢، بغداد، ٢٠١٢، ص٥١.

مارکسیستەکان، بۆچونی (فۆکۆ) وەک لە شرۆڤەی ڕەخنەگرانی دا دەردەکەوێت، هەندێک هێڵی دەچێتەوە سەر بۆچوونی بیرمەندە لیبراڵەکان، بەتایبەت ڕەخنەگرە مارکسیستەکانی وەک(پۆلانزاس)، بۆچوونی (فۆکۆ) وەک پشتگیر و خزمەتکاری هزری لیبراڵی دەبینن، بەڵام (فۆکۆ) خۆی ناخاتە ناو ئەو ململانێ ئایدۆلۆژییەوە و سەرنجی لەسەر دەوڵەت لەڕێگەی باسکردنی فۆرمەکانی دەسەڵات و کاریگەری دامەزراوە دەوڵەتییەکانی وەک نەخۆشخانە و پۆلیس و زانکۆ و ...هتد، و بوونی کاریگەرییەکانی لەسەر جەستە و هۆش و پرسە کەسییەکانی وەک سێکس و نەخۆشیی و ...هتد، دەخاتە ڕوو.

هەندێک لە بیرمەندان دەوڵەت وەک بەڵا بۆسەر ژیانی مرۆیی دەبینن و پێیان وایە بوونی دەوڵەت بۆ ڕێکخستنی دەسەڵات نییە، بەڵکو بۆ سەپاندن و پاراستنیەتی، بۆنمونە دروستبوونی دەوڵەت لەڕوانگەی (پیار کلاستەر)[*]ەوە پەیوەستە بە بەکارهێنانی دەسەڵات بۆ وەرگرتنی سەرانە، وە دەڵێت: یەکەم بنەمای دەوڵەت وەرگرتنی سەرانەیە، کاتێک تۆ هاتیت و وتت من خاوەن دەسەڵاتم و دەبێت ئێوەش ملکەچ بن، ئامانجی منیش تەنیا بریتییە لە سەلماندنی باڵادەستی خۆم بەسەر تۆدا، بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجە و دڵنیابوونم لە ملکەچی تۆ، ناچارتدەکەم سەرانەم پێبدەیت، ئەمەش بەواتای داگیرکردنی بەشێک لە بەرژەوەندی و تێکۆشان و ماندووبوونی تۆ، ئیتر لێرەوە خاوەن دەسەڵات لەهەمان کاتدا دەبێتە ستەمکار و چەوسێنەری ئەوانی تریش، ئیتر دەوڵەتیش هەمان شتە، هیچ دەوڵەتێک نییە دەزگای تایبەت بە سەندنی (سەرانە)ی نەبێت، ئیتر لەژێر هەر ناوێکدا بێت[١]، هەروەها (فردریک نیچە)ی فەیلەسوف پێی وایە مرۆڤایەتی لەبەردەم دوو بتی گەورە و مەترسیداردایە کە پێویستی بیان شکێنێت و لەدەستیان ڕزگاری بێت، ئەوانیش بریتین لە (زانست) کە شوێنی ئایینی گرتووەتەوە، و (دەوڵەت) کە شوێنی خوای گرتووەتەوە[٢]، (کارل مارکس)یش ڕەخنەی دەوڵەت دەکات و وەک ئامرازی دەستی سەرمایەداری دەیبینێت کە بۆ چەوسانەوەی زیاتری کرێکاران سودی لێوەردەگرێت، (مارکس) بە ئاشکرا ئەوەی ڕاگەیاندووە کە دەوڵەت دامەزراوەیەکی سیاسی بێلایەن نییە و مامەڵەی یەکسان لەگەڵ گروپە ئەنتاگۆنیستەکان بەهەمان شێواز ناکات[٣]، واتا لە پشت بێلایەنی ڕووکەشیانەی دەوڵەتەوە لایەنداری و بەرگری لە لایەنێکی دیاریکراو بە شێوەیەکی ستەمگەرانە خۆی مەڵاسداوەو شاردراوەتەوە[٤]، دەکرێت بڵێین دامەزراوەی دەوڵەت لە دیدگای (مارکس)ەوە ڕێک بەو جۆرە ئیش دەکات کە (ڕۆسۆ)لە کتێبی(وتارێک دەربارەی نایەکسانی)دا باسی دەکات: چەندان کۆت و زنجیری نوێی ئاڵاندە پێی هەژارانەوە، ژمارەیەک دەسەڵاتی زیاتر و سەرباری

(*) پیار کلاستەر(Pierre Clastres) ئەنترۆپۆلۆژیست و ئیتنۆلۆژیستی فەرەنسی (١٩٣٤- ١٩٧٧) بە بۆچونەکانی لەهەمبەر ڕەخنەکردنی دەوڵەت بەناو بانگە.

(١) بيار كلاستر، مجتمع اللادولة، ت: محمد حسين دكروب، المؤسسة الجامعية للدراسات و النشر و التوزيع، ط٣، بيروت، ١٩٩١، ص٢٠٠.

(٢) فرانسوا دۆس، "جیهانی فۆکۆ"، لە: کۆمەڵێک نوسەر، جیهانی میشێل فۆکۆ، سەرچاوەی پێشوو، لا٤٠.

(3) Terry Eagleton, Why Marx Was Right, Yale University, London, 2011, p197.

(4) ibid, p199.

به دەوڵەمەندان بەخشی، یاسا و ڕێساکانی خاوەنداربوونی دەوڵەمەندان و چەسپاندنی نادادی و نایەکسانی بۆ هەمیشە چەسپاند و پارێزراوکرد، بەم شێوازە کەمینەی دەسەڵاتدار بەشێوەیەکی چاوچنۆکانە و درندانە تەواوی مرۆڤایەتییان خستە دۆخی کۆیلەیی و ژێردەستەییەکی تاهەتاییەوە[١]. هەرلەسەر ئەو بنەمایە (مارکس) ڕەخنەی (شتێرنر-stirner) دەکات و پێی وایە (شتێرنر) لە ژێرکاریگەری بۆچونێکی هەڵەی (هیگڵ) دا دەڵێت کە پێویستە لێگەڕێین هەژمون بریار لەسەر دەستور و یاساکانی دەوڵەت بدات و پەیوەندی نێوان مرۆڤەکان دروستبکات[٢]، ئەمە لە کاتێکدا (مارکس) خۆی پێی وایە دەوڵەت پەیوەندی دروست ناکات و ئەو خەیاڵەشی کە گوایە کۆمەڵگا لەسەرەوە بونیاد دەنێت، ڕاست نییە، چونکە دەوڵەت خۆی زادەی کۆمەڵگایە و هەرچەندە لە هەناوی کۆمەڵگەوە هاتۆتەدەر بەڵام وەک خۆرە بەربووەتە گیانی کۆمەڵگا و خەریکی وێران کردنیەتی[٣]، هەروەها بیرمەندی مارکسیستی هاوچەرخ (ئەنتۆنیۆ گرامشی) لەسەر هەمان دیدگای (مارکس) پێی وایە دەوڵەت لەسەر بنەمای گشتی چالاکیە هزرییەکان و مومارەسە کردەییەکان و لە پێناو دەستەبەر و پارێزگاری لە بەرژەوەندی چینی باڵادەست دامەزراوە، و پێی وایە کە هیچ پاساوێکیش بۆ پارێزگاری لەو هەژموونەی چینی باڵادەست لە ئارادا نییە[٤]، بەڵام (ئەنتۆنیۆ گیدنز) کۆمەڵناس و ئابوری ناسی بەریتانی ڕەخنە لەو بۆچونەی (مارکس) دەگرێت و پێی وایە هەرچەندە (مارکس) وتویەتی کە دەوڵەت هۆکاری دابەشبوونی چینایەتییە و خۆیشی پارێزەری بەردەوامی ئەو دابەشبوونەیە لەڕێگای پاراستنی بەرژەوەندی چینی باڵادەست دژ بە چینەکانی تر، بەڵام ڕاستیەکەی دەوڵەت نەبووەتە بابەتی جێبایەخ و لێکۆڵینەوەکانی (مارکس)، مارکسیستەکانیش ئەوەندەی جەخت لەسەر کاریگەری و چالاکییەکانی دەوڵەت دەکەنەوە، ئەوەندە گرنگی بە خودی دەوڵەت نادەن، و (مارکس) خۆیشی بێجگە لە هەندێ کورتە نوسین و دەستنوسی پەرش و بڵاو و تێکەڵ، هیچی تری لەسەر دەوڵەت نەنوسیوە[٥].

ڕەخنەی (مارکس) و بیرمەندە مارکسیستەکان لەدەوڵەت لەو ڕوانگەوەیە کە گوایە دەوڵەت ئامرازی دەستی چینی سەرمایەدارییە و دژ بەماف و بەرژەوەندییەکانی کرێکارانە، و دەزگایەکی سەرکوتکارە، دەزگایەکە لەڕێگای زەبری ڕاستەوخۆ و مۆنۆپۆڵکردنی کەرەستەکانی ترساندن و سزادانەوە، بەڵادەستی چینێک بەسەر تەواوی کۆمەڵگاوە دەسەپێنێت[٦]، بەڵام بیرمەندانی لیبراڵ

---

(1) ibid, p199.

(2) Karl Marx and Frederick Engels, collected works- volume 5, translated by: W. Lough and C. P. Magill, published by Lawrence & Wishart, London, 1938, p173.

(3) Terry Eagleton, op.cit, pp201-202.

(٤) أندرو فنسنت، نظريات الدولة، ت: مالك أبوشهيوة و محمود خلف، دار الرواد، طرابلس- ليبيا، ١٩٩٧، ص٢١٣.

(5) Anthony Giddens, sociology- a brief but critical introduction, published by Macmillan education LTD, Second edition, London, 1986, pp72-73.

(٦) بەختیار علی، "سوبێکتی ملکەچ"، لە: کۆمەڵێک نوسەر، کێشەی سوبێکت، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠١٤، لا١٥٣.

پێیان وانییە کە دەوڵەت ئامرازی دەستی چینێک لە دژی چینەکەی تربێت، بەڵکو پێیان وایە دەوڵەت بەربەستی بەردەم ئازادییەکانی بازاڕە و پێویستە دەسەڵاتەکانی کورتبکرێنەوە بەجۆرێک نەتوانێت دەستوەربداتە سیستەمی بازاڕەوە، (فردریک فۆن هایک) ئابوریناس و بیرمەندی لیبراڵ جەخت لەسەر کورتکردنەوەی دەسەڵاتەکانی دەوڵەت دەکاتەوە، لە کتێبەکەی دا(ڕێگا بەرەو کۆیلایەتی) دەڵێت هەرکات دەسەڵاتی دەوڵەت دەستی خستە بازاڕەوە ئەوا بەئامانجی قۆرخکارییە و دواجار ڕۆیشتنە بەرەو دیکتاتۆری[١]، و پێی وایە ئەم قۆرخکاری و دیکتاتۆریەتە تاکەکان بۆ بوون بە کۆیلە ئاڕاستە دەکات، بۆیە نابێت ڕێگە بدرێت دەوڵەت دەست لەسیستەمی بازاڕ وەربدات، دواجار دەسەڵاتی دیکتاتۆری تەنیا سەرنجی لەسەر کۆکردنەوەی دەسەڵاتە لە دەستی تاکە کەسێک دا و هەموو جۆرە ئازادییەکی تاک ڕەت دەکاتەوە و بەجۆرێک لە تاکەکان دەڕوانێت کە جگە لە خزمەتکاری دەسەڵات و فەرمانڕەواکان زیاتر نین[٢]، لەم ڕووەشەوە ڕەخنەی دیدگای مارکسی دەکرێت کە ئازادییە کەسییەکان پێشێل دەکات، و لەگەڵ ڕەتکردنەوەی تاکگەرایی لیبراڵی، ماف و ئازادییە تاکییەکانیش دەکاتە قوربانی دیدگا کۆمەڵییەکەی، ئەمەش وەک ڕێگرتنە لە مرۆڤ کە بەشێوەی سروشتی مرۆییانەی خۆی مامەڵە بکات و جۆرێک لە بەندایەتی و دەستبەسەری بەناوی بەرژەوەندی چینی کرێکارانەوە بەسەر تاکەکاندا دەسەپێنێت[٣]، بەڵام بە پێچەوانەی (فۆن هایک)ەوە کە لەسەر بنەمای بەرگری لە ئازادی بازاڕ و ئالووێر ڕەخنە لە دەستێوەردانی دەوڵەت دەگرێت، ئەوا بیرمەندی مارکسی (پۆلانزاس) لە ڕوانگەیەکی مارکسیەوە ڕەخنەی دیدی (فۆکۆ) بۆ دەوڵەت دەکات، بەو پێیەی (فۆکۆ) دیدگایەکی سەرمایەدارییانەی بۆ دەوڵەت هەیە، (پۆلانزاس) پێی وایە (فۆکۆ) لەو ڕوانگەوە سەرنج لە دەوڵەتی مۆدێرن دەدات کە جەستەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا بە پرۆسەیەکی بەتاککردن (سوبژێکتیڤیتە)دا دەبات و لەم ڕێگەیەوە پیادەی باڵایی خۆی بەسەر تاکەکاندا دەکات، و (فۆکۆ) ئەو جەوهەرە بنچینەییەی دەوڵەت نادیدە دەگرێت کە لەسەر بنەمای پەیوەندییە سەرمایەدارییەکانی وەبەرهێنان و ململانێی چینایەتی[٤]، و چەوسانەوەی چینایەتی دامەزراوە و ئامرازێکە بە دەستی چینی سەرمایەدارییەوە بۆ پاراستنی دەسەڵات و بەرژەوەندییەکانیان و بەردەوامی دەسەڵاتیان بەسەر چینی پرۆلیتاریا دا و زیادکردن و کەڵەکەکردنی سەرمایەی زیاتر لەسەر حیسابی ڕەنج و ماندوو بوونی کرێکاران، هەروەها (پۆلانزاس) پێی وایە کە (فۆکۆ) ڕۆڵێکی تایبەت بە دەوڵەت دەدات کاتێک دەوڵەت وەک دەزگای بە یاساییکردنی کۆی پەیوەندییەکانی دەسەڵات دەبینێت، لە کاتێک دا دەوڵەت دامەزراوەیەکە لە هەناوی دا هەژموون و

(1) F.A.Hayek, The Road To Serfdom, Rutledge, London and New York, 2006, pp92-93.

(٢) محمد كامل ليلى، النظم السياسة- الدولة و الحكومة، دار الفكر العربي، مصر، ١٩٧١، ص٣٣١.

(٣) دولة خضر خنافر، فى الطغيان و الاستبداد و الدكتاتورية- بحث فلسفى فى مسألة السلطة الكلية، دار المنتخب العربى للدراسات و النشر و التوزيع، بيروت، ١٩٩٥، ص٢٤٤.

(٤) مجموعة مؤلفين، ماركس و فوكو، ت: حسن الحاج، المؤسسة الجامعية للدراسات و النشر و التوزيع، بيروت، ٢٠١١، ص٩٦.

دەسەڵاتێکی مێتافیزیکی و باڵادەستی پرستەمی چینایەتی ئامادە و لە زیادبوون و فراوانبوون دایە[١]، و (پۆلانزاس)لە سەرنجەکانی لە هەمبەر (فۆکۆ)دا ڕەخنەکانی لەسەر دەوڵەت زیاتر دەکات و پێی وایە دەوڵەت بەتەواوی توندوتیژی فیزیکی و جەستەیی بۆخۆی پاوان و قۆرخ کردووە و بەردەوام وەک میکانیزمی باڵادەستی بەکاری هێناوە، واتا ئەم توندوتیژییەی وەک هونەری دیسیپلینکردن پاوانکردووە[٢]، تەنانەت لەو کاتانەش کە بەشێوەی ڕاستەوخۆ توندو تیژی ئەنجام نادات، ئەوا هەر وەک ئامرازێکی دەستی دەسەڵات ئامادە و بەردەستە و خاوەن کاریگەرییە، بەڵام (فۆکۆ) کە تەواوی تیۆرە و دیدگاکانی لەهەمبەر دەسەڵات بەو چەشنە داڕشتووە کە دەسەڵات شێوازێکی نا سەنتەریی و پەرش و بڵاوی هەیە و لەشوێنێک و دەزگایەک و لەدەستی کەسێک یان چەند کەسێک دا کۆنابێتەوە، ئەمەش وائەکات کە (فۆکۆ) ئەو ڕۆڵە مەزنە بەدەوڵەت نەدات وەک ئەوەی (پۆلانزاس) دەیکاتە بنەمای ڕەخنەگرتنی لە (فۆکۆ).

(فۆکۆ) سەرەتای توێژینەوەی لەهەمبەر دەوڵەت بە ڕەتکردنەوە و پێچەوانە کردنەوەی دەسەڵاتی ڕوو لەخوارەوە (واتا سەپاندنی دەسەڵات بەشێوەی لە سەرەوە بۆ خوارەوە)، دەستپێکرد، لای (فۆکۆ) دەسەڵات پرۆسەیەکی ئاسۆیی و بەربڵاوە، بۆیە دەسەڵاتی دەوڵەت نەک لە سەرەوە بەشێوەی ستونی دانابەزێتە ناو کۆمەڵگا و بەسەر تاکەکان دا پیادەناکرێت، بەڵکو دەوڵەت و دامەزراوە دەوڵەتییەکانیش بەشێکن لە پەیوەندییەکانی دەسەڵات و بەراورد بە جۆری تری پەیوەندییەکانی دەسەڵات لەناو کۆمەڵگادا، دەوڵەت لەپلەی دووەمی ئەو پەیوەندییانە ئەژمار دەکات[٣]، واتا دەوڵەت ڕەنگدانەوەی ڕاستەوخۆی پەیوەندییە ئامادەکانی نێوان تاکەکانە و هەمان ئەو ئەنجامانە دەنوێنێتەوە کە لەو پەیوەندییانەدا هەیە و ناتوانێت بەشێک نەبێت لەو پەیوەندییانە یاخود لەدەرەوەی تۆڕی پەیوەندییە ئاسۆیی و بەربڵاوەکانی دەسەڵاتدا خۆی پیادەبکاتەوە و دەسەڵاتەکەی لەسەرەوە بۆ خوارەوە بسەپێنێت، بەڵام لەکۆتاییەکانی ژیانی دا و لەدەرسگوتارەکانی دا ئەوەی خستەڕوو کە دەوڵەتی مۆدێرن خۆی خستووەتە پێگەی شوان و دەخوازێت ڕێنیشاندەری خەڵک بێت[٤]، و کۆمەڵگا وەک مێگەلێک بەخۆیەوە گرێبدات، ژیان و ئابوری و پێداویستییەکان و ئارامی و مانەوەی تاکەکان تەواو بە خۆیەوە گرێبدات و تاکەکان نەتوانن بەبێ بوونی دەوڵەت بوون و ژیان و مانەوەیان مسۆگەربێت.

---

(١) المصدر نفسه، ص١٠٩.

(٢) کۆمەڵێک نوسەر، دەوڵەت – دەسەڵاتێکی ڕێکخراوی کۆمەڵایەتی، و: کۆمەڵێک وەرگێڕ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠١٧، لالا١١١-١١٢.

(٣) هەمان سەرچاوە، لا١٠٩.

(٤) کۆمەڵێک نوسەر، فۆکۆ – فەیلەسوفی هۆڵی هەشتەم، و: کۆمەڵێک وەرگێڕ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠١٦، لا٢٠٤.

## سێیەم: بەرگری لەهەمبەر دەسەڵات:

لەمیانەی نوسینەکانی لەهەمبەر ئێران[*]، (فۆکۆ) جەخت دەکاتەوە لەوەی کە یاخیبوون بریتییە لە دەستپێشخەرییەکی زیندوو سەبارەت بەو کەسەی ژیانی خۆی دەخاتە ناو یارییەکەوە لەپێناو ژیانێکی باشتر، ئەو بزوتنەوە و بزاڤەی لەڕێگەیەوە تاکە کەسێک، کۆمەڵێک، کەمینەیەک یاخود تەواوی گەل دەڵێت لە ئەمڕۆوە چیتر ملکەچ نابم، و ئامادەیە ژیانی بخاتە بەردەم مەترسی لەهەمبەر دەسەڵاتێک کە بە ستەمکاری دەزانێت، ئەوا ئەو جوڵانەوە و یاخیبونە لای من زیاترە لەوەی بە کارێکی کەمی بزانم، و دڵنیام کاتێک ژیان دەکەوێتە بەردەم مەترسی ئەوە ڕاستەوخۆ دەبێتە ووزەی یاخیبوون[١]، بەرگری وەک ڕەهەندی دووەمی دەسەڵات، چەمکێکە لای (فۆکۆ) تەواو گرێدراوی دەسەڵاتە و لێی جیا نابێتەوە، لە کوێ دەسەڵات ئامادەبێت، بەرگریش لەهەمان شوێن و کات ئامادەیە[٢]، هیچ دەسەڵاتێک بەبێ بەرگری و هیچ پنتێکی دەسەڵات بەبێ بوونی بەرەنگاری نییە، وەک (فۆکۆ) دەڵێت: لەهەر شوێنێک دەسەڵات هەبێت، لەهەمان شوێن بەرگریش هەیە، واتا بەرگری هەرگیز لە دۆخێکی دەرەکی دا نییە سەبارەت بە دەسەڵات[٣]، و هەمان ئەو بنەمایەی دەسەڵاتی لەسەر دروست دەبێت، بنەمای دروستبوونی بەرگریشە، پنتەکانی بەرگری لە هەموو شوێنەکانی تۆڕی دەسەڵات دا بوونی هەیە، ئەو بەرگرییەش لەوانەیە لەسەر بنەمای پێویستی، گریمان نەکراو، لەخۆوەکی، دڕندانە، لابەلا و لاتەریک(المنعزلة)، توندوتیژ ئامێز، پێکدادەر...هتد بێت[٤]، هەروەها (فۆکۆ) پێچەوانەی ئەو بۆچونەشە کە بەرگری تەنیا لەهەمبەر دەسەڵاتی دەوڵەت و دامەزراوە گەورە کۆمەڵایەتییەکاندا بە پێویست دەزانن، ئێمە دەبێت لەبەرامبەر هەموو شێوەکانی دەسەڵات بووەستین، نەوەک دەسەڵات بە واتا بەربڵاوەکەی ووشەکە، کە گوزارشتە لە دەسەڵاتی حکومەت یان هەندێ گروپی کۆمەڵایەتی تر، ئەمانە تەنیا نمونەیەکی کەمی دەسەڵات نیشان

(*) (فۆکۆ) لە خۆپیشاندانەکانی ساڵانی (١٩٧٨) و (١٩٧٩)ی ئێران، هاتووەتە ئەو وولاتە و وەک پەیامنێر و ڕۆژنامەوان کاری کردووە، لەسەرەتاکانی خۆپیشاندان وەک بەرگری کار لە خۆپیشاندەران دەرکەوتووە، و زۆر سەرسام بووە بە جۆش و خرۆشی خەڵکی تاران و شارەکانی تر، بەڵام دوای هاتنە سەرکاری ڕژێمی کۆماری ئیسلامی و بینینی ئەو ستەم و سەرکوتەی دەسەڵات پیادەی کرد، ئیتر (فۆکۆ)ش لە هەڵوێستەکانی پێشووی پەشیمان دەبێتەوە، کۆمەڵێک لەو نوسینانەی فۆکۆ دەربارەی ئێران نوسیویەتی لە ژێرناوی (ئێرانیەکان چۆن بیردەکەنەوە؟)دا کۆکراونەتەوە و چاپ کراون، بڕوانە: (میشێل فۆکۆ، ئێرانیەکان چۆن بیر دەکەنەوە، و: هەژار مەجید، چاپی دووەم، ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەری ئەندێشە، سلێمانی، ٢٠١٧)، لەو کتێبەدا بە ڕوونی دەڵێت کاتێک ئێرانییەکان باس لە حکومەتێکی ئیسلامی دەکەن و وەکو دروشم دەیڵێنەوە، لەوانەیە بەم کارەیان حەمامێکی خوێن ڕووبەڕووی خۆیان بکەنەوە. بڕوانە: (هەمان سەرچاوە، لا٤٩).

(١) مجموعة مؤلفين، ماركس و فوكو، المصدر السابق، ص٦٢.

(٢) بارى هندس، المصدر السابق، ص١٢٧.

(٣) ميشيل فوكو، ارادە بە دانستن، منبع پێشین، ص١١١.

(٤) عبدالعزيز العيادى، ميشال فوكو – المعرفة و السلطة، المؤسسة الجامعية للدراسات و النشر و التوزيع، بيروت، ١٩٩٤، ص٦٧.

دەدەن[1]، بەڵکوپێویستە لەبەرامبەر تەواوی تۆڕی دەسەڵات کە وەک تەونی جاڵجاڵۆکە تەواوی جەستەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای تەنیوە، بەرگری بەهەند وەربگرین.

بوونی بەرگری لەگەڵ دەسەڵات و پەیوەستبوونی بە دەسەڵاتەوە بەو مانایە نییە کە هەمان ئەرک و ماهیەتی دەسەڵاتی هەیە، بەڵکو بەرگری ناودژێکی دەسەڵاتە و لەبەردەم و لەهەناوی دایە، دەسەڵات چی بیەوێت و چی نەیەوێت، لەناو خۆی دا، لە هەناوی خۆیدا بوونی بەرگریشی هەڵگرتووە و بەرپەرچی دۆخی ملکەچبوون دەداتەوە، دژایەتی ئەو دۆخە دەکات کە دەسەڵات سازاندوویەتی و تیایدا پرۆسەکانی دروستکردنی تاکی ملکەچ بەڕێوە دەبات، (فۆکۆ) لە وتاری (ڕۆشنگەری چییە)دا، کە وتارێکە و دەربارەی پرسی ڕۆشنگەریی لای (ئیمانوێل کانت) دەدوێت، باسی ڕەهەندی عەقڵانیەتی بەرگری لەهەمبەر ملکەچبوون کردووە، ئەم سەرنجانەی (فۆکۆ) جیاوازن لە دیدگاکانی پێشووی کە دژایەتی و بەرەنگاری ڕاستەوخۆی عەقڵ و عەقڵانیەتن، لەم وتارەی دا لە ڕێگەی بۆچوونەکانی (کانت)ەوە دەڵێ: مرۆڤ بۆئەوەی بتوانێت لەو ناتەواوی و کەموکوڕییانەی کە هەیەتی دەربازی بێت، پێویستە دوو مەرج لەخۆیدا جێبکاتەوە(*)، ئەم دوو مەرجە هەم ڕۆحی و دامەزراوەیی(spiritual and institutional)ن، هەمیش ئاکاریی(**)و سیاسیی ( ethical and political)ن، مەرجی یەکەم بریتییە لە دەستنیشان کردنی ئەو شت و دۆخانەی بەشێکن لە ملکەچی، هەروەها دەستنیشان کردنی بونیادی عەقڵانی و بەکارهێنانی عەقڵ بە شێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا، (کانت) لەپەیوەست بەو مەرجە سەرنجمان بۆ بانگەشەکانی دەسەڵاتی سیاسی و دەسەڵاتی ئایینی و دامەزراوەی سەربازی ڕادەکێشێت کە دەڵێن "بیر مەکەوە، تەنیا شوێن سیستەمەکان بکەوە- don't think, just follow orders"، و پێی وایە تاک تائەوکاتەی لەسەر ئەو بنەمایە ملکەچ بێت، ئەوا ناتوانێت ببێت بە کەسێکی ئاگامەند و پێگەیشتوو، بەڵام کاتێک بەتاک بگوترێت" ملکەچبە، و ئەوەندەی دەتوانیت عەقڵانی بە- obey, and you will be able to reason as much as you

(1) Michel Foucault, Power- Moral Values- and the Intellectual (Interview with Michel Foucault), op.cit.

(*) هەرچەندە لەو وتارەدا (فۆکۆ) باس لە دوو مەرج دەکات، بەڵام لە ناوەڕۆکی وتارەکە تەنیا دێتە سەر یەک مەرج و مەرجی دووەم باسناکاتەوە، بەڵکو بەووردی دێتە سەر پرسی عەقڵانیەتی (کانت) و چۆنیەتی کامڵ بوونی مرۆڤ لە پرۆسەکانی بە عەقڵانی بوون دا. بڕوانە:

(Michel Foucault, readers, edited by: paul rabinow, pantheom books, new york,1984, pp35-50).

(**) (فۆکۆ) پێی وایە مەبەست لە چەمکی ئاکار(الأخلاق) بریتییە لە کۆمەڵێک بەها و ڕێسای کرداری، بۆ تاک و کۆمەڵەکان دەخرێنە ڕوو، لە ڕێگای دەزگا و دامەزراوە جۆربەجۆرەکانەوە، وەک دامەزراوەی خێزان و دەزگا پەروەردەییەکان و کەنیسە(کەمەبەستی لە دامەزراوەی ئایینیە)، هەروەها بریتییە لە هەڵسوکەوتی ڕاستەقینەی تاکەکان لە پەیوەندییان بەو ڕێسا و بەهایانەی خراوەتە بەردەمیان. بڕوانە: (ميشيل فوكو، استعمال اللذات، ت: جورج أبي صالح، مركز الانماء القومي، بيروت، ١٩٩١، ص٢١)، هەروەها ئاکار وەکو هەڵسوکەوت لەبواری چێژەکان و سێکسوالیتەدا بەجەنگێک بۆ دەستخستن و دەستەبەرکردنی دەسەڵات وەسف دەکات. بڕوانە: (المصدر نفسه، ص ص ٤٧-٤٨).

"like"[1]، ئەوا جۆرێک لە ئەگەر و گریمانەی بەرگری لەناو خۆیدا هەڵدەگرێت و تایبەتمەندی ئازادبوون بە تاکەکە دەبەخشێت، بەڵام هێشتا سەرنجەکانی (فۆکۆ) پەیوەست بە بەرگری و عەقڵانیەت و ئازادبوون، بەلای ڕەخنەگرانەوە شایانی ڕەخنەکردن و تەنانەت ڕەتکردنەوەیشە بەتایبەت مامەڵەی (فۆکۆ) لەگەڵ چەمکی بەرگری وەک پەرچەکردار و شتێکی دانبراو لە دەسەڵات، بەنموونە (پۆلانزاس) ڕەخنەی سەرنجی (فۆکۆ) لە پەیوەست بە بەرگری دەکات و پێی وای (فۆکۆ) بەرگری وەک بەشێک لە دەسەڵات دەبینێت و زیاتر مەودای توێژینەوەکانی دەربارەی دەسەڵاتە لەسەر حیسابی بەرگری، هەروەها پێی وایە دەسەڵات لای (فۆکۆ) پرسێکی جەوهەرییە و بنەمایە بۆ بەرگری، بەرگریش هیچ نییە بێجگە لە پەرچەکردارێکی لاوەکی بۆ دەسەڵات، لە ڕوانگەی (پۆلانزاس)ەوە، (فۆکۆ) نەیتوانیوە بە ووردی شرۆڤەی پرسی بەرگری بکات و لە باشترین دۆخ دا وەک ڕۆحی بەرەنگاری کوێرانە و سروشتی و سەرەتایی وێنای دەکات کە دەخوازێت پەیوەندییەکانی دەسەڵات تێپەڕێنێت، بەڵام هەمیشە بەو جۆرە دەمێنێتەوە کە شیاوی تێکەڵبوونەوە بە دەسەڵاتە[٢]، هەروەها دیدگاکانی لەهەمبەر ئەو سەرتاپاگیریی و پانتاییە فراوانەی دەسەڵات وایانکردووە کە ڕوو بەڕوو بوونەوە و بەرگری دژی دەسەڵات دواجار هەر بێتەوە بە بەشێک لە خودی دەسەڵات، واتا هەمان ئەوکاتانەی ئێمە بەرگری دەکەین، ئەوا هەمان کات دەسەڵات بەرهەم دەهێنینەوە، هەموو بەرگری کردنێک لەبەرامبەر دەسەڵات بریتییە لە پراکتیککردنەوەی دەسەڵات، هەموو دژایەتی و بەرەنگارییەکی دەسەڵات دواجار دەکەوێتەوە ناو باوەشی دەسەڵات خۆی[٣]، واتا دژایەتی دەسەڵات لەدەرەوەی دەسەڵات و پەیوەندییەکانی ئیمکانی بوونی نییە و هیچ بەرەنگارییەک بۆدەسەڵات دەرەکی نییە، بەڵکو بەشێکە لە تۆڕەکانی خۆی، ئەمەش بۆچونێکە ڕۆحی بەرەنگاری دەکوژێت و زیاتر لە میکانیزمەکانی دەسەڵات، مرۆڤ ملکەچ و ڕام دەکات بۆ دەسەڵات.

ڕوانگەی (فۆکۆ) لەهەمبەر ماهیەت و ڕەهەندە جۆرییەکانی دەسەڵات، ڕەنگدانەوەی دیدگا ڕەخنەییەکانییەتی دەربارەی عەقڵانیەت و دامەزراوە مۆدێرنەکان و فەلسەفەی بونیادگەری، هزری سیاسی (فۆکۆ) وەک هزرێکی پۆست- ستراکچەرالیست و پۆست- مۆدێرنیست لەسەر بنەمای ڕەخنەکردنی دۆخی باڵای سەردەمی مۆدێرنێتە گەشەی بەخۆی دەدا، هەر لەسەر ئەو بنەمایەش شرۆڤەی دەسەڵات و فۆرمەکانی و ستراتیژو پەیوەندییەکانی دەکرد و ڕەهەندە جۆرییەکانی ئاشکرادەکرد. هەندێ لە ڕەخنەگران پێیان وایە ئەو دژایەتییە توندو بێرەحمانەی (فۆکۆ) بۆ مۆدێرنە، زۆرکات بۆچونەکانی ئەمیان بەرەو هەڵەو بەرگری لە ستەمکاری بردووە، لە کاتێکدا ئەو خۆی وەک بەرەنگار لەهەمبەر دەسەڵاتی سەرکوت و ستەمگەر دەردەخات، دیارترین نموونەش بۆ بۆچونەکانی دەربارەی شۆڕشی ئێران لە ساڵانی (١٩٧٨-١٩٧٩)، هەرچەندە دوای بینینی ستەمی دەسەڵاتی ئیسلامی، (فۆکۆ) لەبۆچونەکانی لەهەمبەر ئێران پاشگەزبووە وە، بەڵام لەسەرەتاکانی خۆپیشاندانەکان کە وەک ڕۆژنامەنوس و ڕاپۆرتنوس لە ئیران بوو، لایەنگیری زۆری بۆ خۆپیشاندەران و دژایەتی شا

(1) Michel Foucault, readers, op.cit,pp35-36.

(٢) مجموعة مؤلفين، ماركس و فوكو، المصدر نفسه، ص٩٨.

(٣) بەختیار علی، سێوی سێهەم، ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەری ئەندێشە، چاپی سێهەم، سلێمانی، ٢٠١٤، لا٤٥.

پێوە دیاربوو، دوو ڕەخنەگر بەناوەکانی (ژانێت ئافاری و کێڤین ئاندەرسۆن- Janet Afary and Kevin B. Anderson) لە کتێبێکی هاوبەشیاندا بەناوی (فۆکۆ و شۆڕشی ئێران- جێندەر و فریودانی ئیسلامی- Foucault and the Iranian Revolution- Gender and the Seductions of Islamism)، ڕەخنەی ئەوە لە (فۆکۆ) دەگرن کە ڕقی لە مۆدێرنێتە وایکردووە پشتگیری لە هێزە ئیسلامییەکانی ئەو وڵاتە بکات، پێشیان وایە نزیکایەتی (فۆکۆ)و ئیسلامییەکانی ئێران بۆ چەند هۆکارێک دەگەڕێتەوە لەوانە: هەردوولا (فۆکۆ و ئیسلامییەکان) هەوڵی هاتنەئارای فۆرمێکی ڕۆحانی سیاسییان دا دژ بە گوتاری باڵادەستی ماتریاڵی و کاڵاگەری ڕووتی سەرمایەداری، هەردوولا باوەڕی تەواویان بە ئایدیا کۆمەڵایەتییەکانی پێش مۆدێرنە هەبوو، سیستەمی دادوەریی و یاسایی لیبراڵی سەردەمی عەقڵانیەت و مۆدێرنە بەلای هەردووە لاوە جێگەی ڕێز لێنەگرتن وپشتگوێخستن(ignore)بوو، هەردوولا سەرسامی ئەو کەسانەبوون کە ئامادەبوون ژیانیان بخەنە مەترسییەوە لەپێناو گەیشتن بە باشتر[1]، ئیسلامییەکان بەو جۆرە کەسانەیان دەگوت (مجاهید)، ئەگەرچی کەمێک لەکەسی موجاهید جیاوازە، بەڵام (فۆکۆ)یش پەڵەوانێک بەناوی (کەسی پاریسیا[*]) لەناو باسەکانی دا ئامادەیە، تەنانەت ئەو دوو ڕەخنەگرە بە تەنزەوە دەڵێن: پێدەچوو (فۆکۆ) بەو چاوە سەیری خومەینی (ڕابەری خۆپیشانەدەرە ئیسلامییەکان)ی کردبێت وەک ئەوەی (ویستی دەسەڵات- will to power) ی (نیچە)بێت[2]، بەڵام فۆکۆ وێڕای پاشگەزبوونەوەی لە پشتیوانیکردنی کۆماری ئیسلامی،

(1) Janet Afary and Kevin B. Anderson, Foucault and the Iranian Revolution- Gender and the Seductions of Islamism, The University of Chicago Press, Chicago and London, 2005, p13.

(*) (فۆکۆ) لەساڵی (١٩٨٣)، واتا ساڵێک بەر لەمردنی، کۆمەڵێک وانە و سیمیناری دەربارەی کەسی پاریسیا پێشکەشکرد، بەشێک لە وانەگوتارەکانی ئەو ساڵەی لەژێر ناوی (The Government of Self and Others- Lectures at the College De France 1982–1983) کراون بە زمانی ئینگلیزی و بڵاوکراونەتەوە، بۆنموونە لە وانە گوتاری ( 12 January 1983: First hour) دا دەڵێت: یەکێک لەمانا بنچینەییەکانی ووشەی پاریسیا لە زمانی یۆنانی کۆندا واتای ئەو کەسەیە کە هەموو شتێک دەڵێت، بەڵام دواتر وا وەرگێڕدراوەتە سەر زمانەکانی تر کە بەمانای ئەوکەسە دێت کە ئازادی وتن و ئازادی بیرکردنەوەی هەیە ، بەواتایەکی تر برێتییە لە فەزیلەت و چاکە (virtue)، کەسی پاریسیا بەو کەسە دەوترێت کە هەستێکی ڕۆحی پڕ لە هاوکاری هەیە و هەوڵی یارمەتی دانی ئەوانی تر دەدات بەبێ ئەوەی چاوەڕێی پاداشت بکات. بڕوانە:

(Michel Foucault, The Government of Self and Others- Lectures at the College De France 1982–1983, Translated By Graham Burchell, Palgrave Macmillan, U.K, 2010, p43).

(فۆکۆ) خۆیشی لەبەکارهێنانی چەمکی پاریسیا مەبەستی گوزارشت کردنە لەو کەسانەی کە حەقیقەت دەڵێن، پێی وایە کەسی پاریسیایی سڵ لە ترس ناکاتەوە، و تەنانەت مەرجە کەسی قسەکەر هەڕەشە و مەترسی بەهۆی قسەکانییەوە ڕووی تێبکات، ئینجا دەبێت بە کەسێکی پاریسیایی، چونکە ئەوەی پاریسیا دەیڵێت مەترسی دارە و خەڵکی تر ناوێرن ئەوجۆرە قسانە بکەن، زۆرجاریش کەسی پاریسیایی بەپێچەوانەی ڕای گشتی زۆرینەوە قسەدەکات، بەڵام بەپێچەوانەی حەقیقەت نییە. بڕوانە: (مەریوان وریا قانع، ئەخلاق و بەرگری- سەرەتایەک بۆ ناسینی کارەکانی میشێل فۆکۆ، سەرچاوەی پێشوو، لا٢٩٣،٢٩١).

(2) Janet Afary and Kevin B. Anderson, op.cit, p14.

هاوکات ئەو بۆچونەشی سەربارخست کە هەرگیز شۆڕش و گۆڕانکاری شۆڕشگێڕی واتای پێشکەوتن و بەرەو پێشچوون نییە، لەبەر دوو هۆکار، یەکەم شۆڕش تەنیا واقیعی ئێستای شتەکان و دۆخی ئامادە ئاوەژوو دەکاتەوە، نەوەک شتێکی تازە و نوێ بۆ ڕزگاری و ئازادبوون بهێنێتە ئاراوە، دووەم هەمان ئەوکەسانەی شۆڕشیان ئەنجامداوە، ئەگەر دەرفەتی هەڵگیرسانی شۆڕش و نوێگەری هەبێت بەسەر ئەو دۆخەی دەیهێننە ئاراوە، ئەوا ئامادە نین جارێکی تر شۆڕش بکەنەوە[1]، و تەنانەت دژایەتی توندی ئەوانەش دەکەن کە شۆڕش دەکەن، واتا تا ئەو شوێنەی خۆیان دێنە دەسەڵات، ڕەوایەتی بە شۆڕش دەدەن، بەڵام دوای سەرکەوتنی خۆیان ئیتر هەموو جۆرە شۆڕشێک کە لەبەرژەوەندی خۆیاندا نەبێت ڕەتدەکەنەوە، تەنانەت ئەگەر بەناو و بەپاساوی پێشکەوتنیش بێت.

ئەوەی لەم باسە دا دەربارەی ماهیەت و ڕەهەندە جۆرییەکانی دەسەڵات لە ڕوانگەی (فۆکۆ)وە خستمانە ڕوو، دەرخەری ئەوەیە کە دەسەڵات ئەگەرچی هەمان سروشت و ناوەڕۆکی هەیە بەڵام بەپێی جیاوازی پیادەکارییەکەی، فۆڕمی دەسەڵاتەکەش دەگۆڕێت، واتا هەرچەندە دەسەڵات لەهەموو فۆرمەکانی دا بەدوای ملکەچکردنی تاک و ڕامکردنیاندا دەگەڕێت و کار لەسەر دەستەمۆکردنی کۆمەڵگا دەکات، بەڵام بۆ گەیشتن بەو ئامانجەی دەسەڵات چەند شێواز و ڕێگایەک هەیە، کە هەر ئەم شێواز و ڕێگا جیاوازانەش دەبنە هۆی دەرکەوتنی فۆڕمە جیاوازەکانی دەسەڵات. فۆڕمە جیاوازەکانی دەسەڵات لەناوخۆیاندا هەڵگری ڕەهەند گەلێکی جیاوازیشن، واتا دەسەڵات لە پیادەکارییەکانی دا، لەو نەخشاندنەی بۆ تاکەکان یاخود کۆمەڵگای دەکات، دەخوازێت سروشتی خۆی لەو نەخشاندنە دا بسەپێنێت، بۆیە دەسەڵات چی وەک دەسەڵاتی شوانکارەیی یاخود دەسەڵاتی مۆدێرن و دەوڵەتیی، هەمان ویستی هەیە لە ڕەنگرێژکردنی کەلتور و بەهاکانی کۆمەڵگا لەلایەک و دەروونی تاک لەلایەکی ترەوە، دەخوازێت ئەو ڕەهەند و شێوازی کار و بیرکردنەوانە بسەپێنێت کە بە هی خۆی دەزانێت و دواتر پەیوەستی تاکەکان بە دەسەڵاتەوە پتەو و گرەنتی دەکەن، هەروەها دەسەڵات چ وەک ماهیەت و فۆڕمەکانی، چ وەک ڕەهەندی جۆری و سروشتی نەخشاندنەکانی، ناتوانێت لەگەڵ بەرگری و بەرخورد لەیەکتر نامۆ و دەرەکی بێت، دەسەڵات هەر فۆڕمێکی هەبێت، هەرشێوازێکی پیادەکاری هەبێت، شوانکارەیی بێت یاخود مۆدێرن، بەجۆرێک لەجۆرەکان، لەهەناوی خۆی دا، بەرەنگاری لە دژی دەسەڵات خۆی، هەڵگرتووە، لەهەموو ئەو پنتانەی دەسەڵات ئامادەیە، ئەوا لەهان ئەو پنتانەش بەرگری و بەرەنگاری کردن لە دژی دەسەڵات ئامادەییەکی حەتمی هەیە.

---

(١) میشێل فۆکۆ، ڕۆشنگەری و شۆڕش لای کانت، و: ڕێبین رسول ئیسماعیل، ناوەندی فێربوون، هەولێر، ٢٠١٨، لا٦٤.

# کۆتایی و دەرئەنجام

لە کۆتایی توێژینەوەکەدا بەو ئاکامە گەیشتین کە فۆرمەکانی دەسەڵات لەگەڵ گۆڕان و گەشەی ژیان و پەیوەندییەکانی، بەپێی جیاوازی پەیوەندییەکانی ناو کۆمەڵگا، دەگۆڕێن، کاتێک پەیوەندییە باڵاکان لەسەر بنەمای ناچارکردن و ستەمکردن و ئەشکەنجە وەستابوون، ئەوا دەبنە بنەمای سەرهەڵدانی دەسەڵاتی ستەمگەر و سەرکوتکار، هەروەها دەسەڵاتی سەروەر کە پەیوەستە بە سەرهەڵدانی فۆڕمی (گرێبەندگەرایی) دەسەڵاتی پاشا، و بەپاساوی دەستەبەری ئارامیی و نەگەڕانەوە بۆ دۆخی سروشتی پڕ شەڕانگێزی، مافی ژیان و مردنی تاکەکان دەخاتە ناو دەستی پاشاوە، ئەوا درێژە بە ستەمگەری دەدات و تاکەکان لەڕێگەی ئەشکەنجە و سزادانەوە ناچار بە دەستەمۆبوون دەکات، ئەگەر دەسەڵاتی سەروەری پاشا بەسەر خاک و کۆمەڵگا پیادەکرابێت، ئەوا فۆڕمی دەسەڵاتی دیسیپلین ڕاستەوخۆ ڕووی لە تاکە و بەسەر جەستە و دەروونی تاکەکاندا پیادە دەکرێت و لە ناوەوە، لە دەروون و بیرکردنەوەوە تاکەکان وەکو سوبێکتی ملکەچکراو و دەستەمۆ باردەهێنێت، دوا فۆڕمی دەسەڵاتیش کە بریتییە لە بایۆ دەسەڵات، کۆمەڵگا وەک گشتێک دەخاتە ژێر چاوەدێری و لەڕێگەی گرتنە ئەستۆی ژیان و مردن و تەندروستی تاکەکان و دەستەبەری شوێنی نیشتەجێبوون و پێداویستییەکانیانەوە تاکەکان بە تۆڕ و داوەکانی دەسەڵاتەوە گرێدەدات.

هەروەها دەسەڵات هەڵگری هەندێک ڕەهەندی جۆرییە کە کاریگەری لەسەر شێوازی پیادەکاری دەسەڵات دادەنێن، دەسەڵاتی شوانکارەیی لەڕێگەی گرنگیدان بە خواردن و تەندروستی تاکەکان وەک تاک و کۆمەڵگاش وەک مێگەل، دەخوازێت خۆی وەک شوان و ڕابەر بناسێنێت، کە لەجیاتی تاکەکان بیردەکاتەوە و بڕیار دەدات و هەرکات پێویستی بە قوربانی هەبوو، ئەوا ئەرکی سەرشانی تاکەکانە وەکو مەڕ ئەو قوربانیدانە لە ئەستۆ بگرن و داخوازی دەسەڵات و دەسەڵاتداران بەجێبگەیەنن، هەروەها دەسەڵات لەسەردەمی مۆدێرنەش دا کە خۆی لەناو دامەزراوەی دەوڵەتدا ڕێکخستووە، هەمان شێواز لە پیادەکاری شوانکارەیی بەڕێوە دەبات، لەلایەکەوە خۆی وەک غەمخۆر و دەستەبەرکاری داوا و داخوازی تاکەکان وێنا دەکات، لەلایەکی تریشەوە داوای قوربانیدانیان لێدەکات و دەیانخاتە ناو کوشتاری جەنگەکانییەوە، یاخود بەپاساوی تاوانکاری و تێکدانی ئارامی و ئاسایشی گشتی و هاوڵاتیان، دەیانخاتە بەر پەتی سێدارە و ژیانیان لێدەستێنێتەوە، بەڵام لەدەسەڵاتی مۆدێرن دا داواکردنی قوربانیدان بەناوی پاشا و بۆ پاشا و فەرمانڕەوا نییە، بەڵکو بە ناوی بەرژەوەندی گشتی و خزمەتکردنی کۆمەڵگە و دەوڵەت یاخود نەتەوە و پرسە گشتییەکانەوەیە. وێڕای ئەمانەی باسمانکردن، لەکۆتایی توێژینەوەکەدا گەیشتین بە چەند دەرئەنجامێک کە گرنگترینیان بریتین لە:

١/ هەمیشە دەسەڵات، لەهەر فۆرمێکی کارکردنیدا بێت، بەدوای دەستەبەرکردنی خواستەکانی لە ملکەچکردنی تاکەکاندا دەگەڕێت.

٢/ دەسەڵات تەنانەت لە فۆرمە مرۆڤدۆستیەکەشیدا ئەگەر نەیتوانی لەڕێگەی نەرم و باوەڕپێهێنانەوە تاکەکان ڕامبکات، ئەوا پەنا دەباتە بەر ئامرازی توندو تیژی.

٣/ دەسەڵات لە فۆڕمی سەرکوت و سەروەردا تەنیا پاوانی مردنی کردبوو، بەڵام دەسەڵاتی

دیسیپلین و تایبەتتر بایۆ دەسەڵات پاوانی ژیان و مردنیشیان بەیەکەوە کردووە.

٤/ دەسەڵاتی شوانکارەیی بە بنەما گرنگ و ناوەڕۆکە کۆنترۆڵکارەکەیەوە گواستراوەتەوە بۆناو ژیانی مۆدێرن و دەوڵەت لەشێوەی شوان، لەسەردەمی نوێدا تۆڕەکانی کۆنترۆڵکردن و دەستەمۆکردنی تاک بەڕێوەدەبات.

٥/ وێڕای ئەو سروشتە سەرکوتگەر و کۆنترۆڵسازەی دەسەڵات، بەڵام هەمیشە دەسەڵات لەگەڵ پنتەکانی بەرگری دەرگیرە، لەهەکوێ دەسەڵات هەبێت، ئەوا هەر لەو شوێنەش بەرگری ئامادەیە، هەرگیز هیچ دەسەڵاتێک بەبێ بوونی بەرگری، بوونی نییە.

# لیستی سەرچاوەکان:

**یەکەم/ کتێب**

**کتێبی کوردی:**


١. ئەییوب کەریمی، ئازادی و دەسەڵات، چاپەمەنی مانگ، بانە- ئیران، ١٣٩٤.
٢. بەختیار علی، سێوی سێهەم، ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەری ئەندێشە، چاپی سێهەم، سلێمانی، ٢٠١٤.
٣. بەختیار علی، ئاورەکەی ئۆرفیۆس، ناوەندی رۆشنبیری و هونەری ئەندێشە، سلێمانی، ٢٠١٤.
٤. جەبار أحمد، ئاشنابوون بەفۆکۆ، دەزگای ئایدیا بۆ فیکر و لێکۆڵینەوە، سلێمانی، ٢٠١٥.
٥. فاروق رەفیق، غەمە جڤاتیەکان، بەرگی یەکەم، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، ٢٠٠٦.
٦. کۆمەڵێک نوسەر، کێشەی سوبێکت، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠١٤.
٧. مەریوان وریا قانع، دەربارەی فەلسەفە و ئیسلام و ڕۆشنگەری، نێوەندی ڕەهەند بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی، سلێمانی، ٢٠٠٢.
٨. مەریوان وریا قانع، ئەخلاق و بەرگری- سەرەتایەک بۆ ناسینی کارەکانی میشێل فۆکۆ، ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەری ئەندێشە، سلێمانی، ٢٠١٧.


**کتێبی وەرگێڕدراو بۆ کوردی:**


٩. عارف دانیالی، میشێل فۆکۆ، و: سەروان ئەحمەد، ناوەندی غەزەلنوس بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، سلێمانی، ٢٠١٨.
١٠. کۆمەڵێک بیرمەند، دەسەڵات و حەقیقەت، و: ئیدریس شێخ شەرەفی، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئەدەبی و فیکری نما، هەولێر، ٢٠٠٤.
١١. کۆمەڵێک نوسەر، جیهانی میشێل فۆکۆ، و. ئاوات أحمد سوڵتان، ناوەندی رۆشنبیری ئەندێشە، چاپی دووەم، سلێمانی، ٢٠١٧.
١٢. کۆمەڵێک نوسەر، فۆکۆ – فەیلەسوفی هۆڵی هەشتەم، و: کۆمەڵێک وەرگێڕ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠١٦.
١٣. کۆمەڵێک نوسەر، دەوڵەت – دەسەڵاتێکی ڕێکخراوی کۆمەڵایەتی، و: کۆمەڵێک وەرگێڕ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠١٧.
١٤. میشێل فۆکۆ، ڕۆشنگەری و شۆڕش لای کانت، و: ڕێبین رسول ئیسماعیل، ناوەندی فێربوون، هەولێر، ٢٠١٨.
١٥. میشێل فۆکۆ، ڕەخنە چییە - وانە وتاری ئەنجومەنی فەرەنسی فەلسەفە، و: فاتح سەعیدی، چاپخانەی یاد، سلێمانی، ٢٠١٤.
١٦. میشێل فۆکۆ، ئێرانیەکان چۆن بیر دەکەنەوە، و: هەژار مەجید، چاپی دووەم، ناوەندی ڕۆشنبیری

و هونەری ئەندێشە، سلێمانی، ٢٠١٧.

**کتێبی عەرەبی:**

١٧. دولة خضر خنافر، فی الطغیان و الاستبداد و الدکتاتوریة- بحث فلسفی فی مسألة السلطة الکلیة، دار المنتخب العربی للدراسات و النشر و التوزیع، بیروت، ١٩٩٥.
١٨. عبدالعزیز العیادی، میشال فوکو – المعرفة و السلطة، المؤسسة الجامعیة للدراسات و النشر و التوزیع، بیروت، ١٩٩٤.
١٩. محمد صفار، تفکیک مفهوم القوة عند میشیل فوکو- إعادة فتح الملف الإیرانی، مکتبة الاسکندریة، الاسکندریة- مصر، ٢٠١٧.
٢٠. محمد کامل لیلی، النظم السیاسة- الدولة و الحکومة، دار الفکر العربي، مصر، ١٩٧١.
٢١. منذر الشاوي، فلسفة الدولة، الذاکرة للنشر و التوزیع، ط٢، بغداد، ٢٠١٢.

**کتێبی وەرگێڕدراو بۆ عەرەبی:**

٢٢. أندرو فنسنت، نظریات الدولة، ت: مالك أبوشهیوة و محمود خلف، دار الرواد، طرابلس- لیبیا، ١٩٩٧.
٢٣. بیار کلاستر، مجتمع اللادولة، ت: محمد حسین دکروب، المؤسسة الجامعیة للدراسات و النشر و التوزیع، ط٣، بیروت، ١٩٩١.
٢٤. مجموعة مؤلفین، مارکس و فوکو، ت: حسن الحاج، المؤسسة الجامعیة للدراسات و النشر و التوزیع، بیروت، ٢٠١١.
٢٥. میشیل فوکو، إرادة العرفان، ت: محمد هشام، الدار البیضاء، المغرب، ٢٠٠٤.
٢٦. میشیل فوکو، استعمال اللذات، ت: جورج أبي صالح، مرکز الانماء القومي، بیروت، ١٩٩١.
٢٧. نعوم تشومسکی و جون بریکمون، العقل ضد السلطة، ت: عبدالرحیم حزل، دار الآمان، بیروت، ٢٠١٤.

**کتێبی فارسی:**

٢٨. محمد ضیمران، میشل فوکو: دانش و قدرت، هرمس، تهران، ١٣٨٩.

**کتێبی وەرگێڕدراو بۆ فارسی:**

٢٩. ژیل دلوز، فوکو، ت: نیکو سرخوش و افشین جهاندیده، نشرنی، تهران، ١٣٨٦.
٣٠. میشیل فوکو، تئاتر فلسفه، ت: نیکوس سرخوش و افشین جهاندیده، چاپ دوم، نشرنی، تهران، ١٣٩٠.
٣١. میشیل فوکو، اراده به دانستن، ت: نیکو سرخوش و افشین جهاندیده، نشرنی، چاپ ششم، تهران، ١٣٩٠.

**کتێبی ئینگلیزی:**

32. Alan Milchman and Alan Rosenberg Editors, Foucault and Heidegger - Critical Encounters, University of Minnesota Press, London, 2003.
33. Anthony Giddens, sociology- a brief but critical introduction, published by Macmillan education LTD, Second edition, London, 1986.
34. carl boggs, the tow revolutions(Gramsci and the dilemmas of western Marxism), south end press, U.S.A, 1984.
35. F.A.Hayek, The Road To Serfdom, Rutledge, London and New York, 2006.
36. Hubert L. Dreyfus and Paul Rabinow, Michel Foucault: beyond structuralism and hermeneutics, The University of Chicago, Chicago, 1983.
37. Janet Afary and Kevin B. Anderson, Foucault and the Iranian Revolution- Gender and the Seductions of Islamism, The University of Chicago Press, Chicago and London, 2005.
38. Jose Guilherme Merquior, Foucault, University of California Press, U.S.A, 1985.
39. Lisa Downing, The Cambridge Introduction to Michel Foucault, CAMBRIDGE UNIVERSITY PRESS, New York, 2008.
40. Michel Foucault and Noam Chomsky, The Chomsky-Foucault Debate On Human Nature, The New Press, New York , 2006.
41. Michel Foucault, readers, edited by: paul rabinow, pantheom books, new york,1984.
42. Terry Eagleton, Why Marx Was Right, Yale University, London, 2011.

**کتێبی وەرگێڕدراو بۆ ئینگلیزی:**

43. Jean Jacques Rousseau, The Social Contract- Or Principles Of Political Right, Translated by G. D. H. Cole, public domain, 2002.
44. Karl Marx and Frederick Engels, collected works- volume 5, translated by: W. Lough and C. P. Magill, published by Lawrence & Wishart, London, 1938.
45. Michel Foucault Power and Knowledge- Selected Interviews and Other Writings 1972-1977, Translated by: Colin Gordon, Leo Marshall John Mepham and Kate Soper, Pantheon Books, New York, 1980.
46. Michel Foucault, critical inquiry- vol 8 - subject and power, translated from the French by: Leslie Sawyer, The University of Chicago Press, Chicago, 1982.
47. Michel Foucault, Discipline and Punish (The Birth o f the Prison), Translated

from the French by: Alan Sheridan, Vintage Books, New York, without date.

48. Michel Foucault, Society Must Be Defended- Lectures At The College De France 1975-1976, translated by: David Macey, published by Picador. New York, 2003.
49. Michel Foucault, The Government of Self and Others- Lectures at the College De France 1982–1983, Translated By Graham Burchell, Palgrave Macmillan, U.K, 2010.
50. Michel Foucault, the history of sexuality- vol 1, translated by: Robert Hurly, Pantheon Books, New York, 1978.
51. Michel Foucault, the order of things- an archeology of the human sciences, translation of les mots et les choses, pantheon books, new york, 1971.

**دووەم/ توێژینەوەی ئاکادیمی:**

٥٢. مرزوقی قوارية حليمة، الجسد و السلطة فى فلسفة ميشال فوكو، رسالة ماجستير غير منشورة التى قدمها فى جامعة السانية وهران- كلية العلوم الاجتماعية- قسم فلسفة، الجزائر، سنة دراسية ٢٠١٢- ٢٠١٣.

**سێیەم/ ئینتەرنێت:**

53. Michel Foucault, Power- Moral Values- and the Intellectual (Interview with Michel Foucault - By: Michel Bess), Nov. 3, 1980, look this link: https://www.michaelbess.org/foucault-interview/
54. Thirty Years' War, history, 3\4\2019, look this link: https://www.history.com/topics/reformation/thirty-years-war